پێناسەکانی ژیان



هیمداد دلشاد

پێناسەکانی ژیان

نووسینی هیمداد دڵشاد

چاپی دووەم

کتێب
پێناسەکانی ژیان

نووسینی
هیمداد دڵشاد

پیتچنین و نەخشەسازی و تابلۆی بەرگ
نووسەر

نۆرەی چاپ
چاپی دووەم (چاپی ئەلیکترۆنی)

پێشەکی

زۆرینەی ئەوەی لەم کتێبەدا نووسیومانە و باسمانکردووە گوزارشتکردنی دیویکیتری ژیانە بە مانایەکیتر و بە شێوازێکیتر، باسکردنی سرووشتی شتەکانە نەوەکو باسکردنی شتەکانبێت بەپێی سەردەم و بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان، بەگشتی باس لە ژیانەکان ناکەین بەلکو زۆرینەی مەبەست لە ژیانی جیهانەکەمانە، لەم کتێبەدا لە ڕوانگەی زۆرینەوە شتەکان باس دەکەین نەوەکو بەگشتی، چونکە کاتێک بەگشتی شتانێک دەنرخێنین یان بەگشتی بەخراپ باسیان دەکەین ستەم لەمافەکان دەکەین، ئەم کتێبە بەناونیشانی (پێناسەکانی ژیان)ـە بەڵام لە ناوەڕۆکیدا زیادتر لەسەر دوو بڕگەی تێکهەڵکێش چڕمان کردووەتەوە؛ یەکەم باس لە سروشتی شتەکان و دووەم باس لە هیوابوون دەکەین، لامان وانییە لە دەرەوەی بابەت بێت چونکە هەرشتێك بێت زیادتر لە بازنەی ژیانەکەماندا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەی نوسراوە پڕ بە پێست و پێکاندنی خاڵی سفر نیە، بەلامانەوە لە ئەگەرێك زیادتر تێپەڕناکات، ڕەنگە زۆر ڕستەو دەستەواژەی توند و نامۆمان بەکارهێنابێت وە لە هەندێ تێڕوانیندا پێچەوانەی لێکدانەوەی باو و نەریت بێت بەڵام لە چوارچێوەی ددان پێدانانە نەوەکو پێداگری، لە ژێر هەناسەی ساردی ڕاستیەکی کپکراوە نەوەکو هەڵەیەکی ناودار، هەروەها ڕەنگە بەشێوەیەکیتر بەرهەڵستی هەندێ چەمکمانرکردبێت دیارترینیان (یاسا دەستکردەکان) بەڵام پێمان وایە ئەو یاسایە ئاساییە کە لەگەڵ یاسای سروشت هاوڕابێت، باوەڕیشمان وایە هەر کەسێك نەیتوانی لەخۆیەوە کۆتایی پێبهێنێت ناشتوانێت لەخۆیەوە دەستپێبکاتەوە، هەرکەسێك نەتوانێت ئەوەی ناخی بێ پەردە بخاتە ڕوو دەبێت هەمیشە ناچار بێت ماسك بپۆشێت.

هیمداد دلشاد

پێناسەكانی ژیان

ژیان ئەوەیە كە چۆن هەستی پێ دەكەین، ترس و خۆشیشمان هەر ئەوەیە چۆن شێوازێك هەستی پێ دەكەین، ئەوشتەی كەوا لە مردن نزیكمان دەكاتەوە هەر ئەوشتەیە كە ئێمەی مرۆڤ زۆر گرینگی پێ دەدەین كەوا لەسەری بوەستین، یان هەڵەی ژیانمانە یانیش ئەو خاڵەیە كە خۆمانی تێدا دەدۆزینەوە، جیهان فراوانە ژیان فراوانترە، بەڵام كاتێك هەست بە تەنهایی دەكەین جیهانەكەمان هێندەی گۆڕێك و ژیانەكەشمان هێندەی خەونێكی كورت بچووك و تەنگ دەبێتەوە بەڵام هەندێكجار هەڵەیە كاتێك دەزانین دڵمان منداڵانەیە هەموو ڕاستیەكی پێ دەڵێین با بەدیوێكیتر لێكی بدەینەوە خەونانێك هەن ژیانێك لەخۆ دەگرن گۆڕی مرۆڤانێك هەن چەند هێندەی گەردوون فراوانە، دەبێت فێربین ژیان بەندە بەوەی چۆن ڕابێین لەسەری ئاوا دەتوانین بەردەوام بین، بۆ هەمیشە دەبێت وا بڕوا بكەین دوورییە ئازار بەخشەكان دوژمنمانن؟ كام دوو ئەویندار هەیە دووری زیادتر ئاوێتەی ڕۆحی یەكتریانی نەكردبێت، لە قوڵایی هەر دەریایەكدا ئەوەی مرواریەكانی جوانتر كردووە دوورییە چەندە جوانە كاتێك دوورین زیادتر یادی یەكتر دەكەین.

ژیان واتە بەو ڕێگایەدا دەڕۆین کە هاتنەوە لە ئەژمارماندا بێت، هەمووومان یەك تێڕامانمان هەیە دەربارى ڕێگاکان بەلاَم ئەوە باوەڕەکەمانە کە وا دەکات بە باش یان بە خراپى بزانین.

ژیان لە دواپین لاپەڕەکانى مێژوو دەچێت کە هەمان بارى ئێستا لەوە وە سەرچاوە دەگرێت، گەلێك جار لەو بارەدا هاوڕێیەتى لە نێوان لێکدانەوە و ویژداندا دەچڕێت لە جێگایاندا هەوەستەکان دەبنە دەستە ڕاستى هەستەکان، لەم دونیاییە ئەفسوناویەدا کە هەریەکێکمان جیهانێکى تایبەت لە خەیاڵماندا بوونیاد ناوە هەمیشە بە دەست شتێکەوە ڕادەکەین ناشتوانێت دەستگیرمان بکات بەدواى شتێکیشەوە کەوتووین ناتوانین پێى بگەین وە نازانین ئەو ساتانە چیان ناو بنێین لە جەستەیەکى بێ ڕۆح دەچین بۆ ئەشقى ژیان ناتوانین قوڵ ببینەوە، لەخەندەکاندا وێنەى گریان دەبینین تەنهاییشمان لە دڕندەیى ڕۆچووە، سروشتى ژیان لە ئێستادا گۆڕاوە چونکە لەسەردەمێکداین ئێستا پێناسەکانى ژیان هەموو باسێك لەخۆ دەگرێت، بێ هیوایى نییە ئەگەر بێت و پێناسەى ژیان بکەین، هەر وەکو نیگارکێش بەر پرسیار نییە لەوەى دیمەنێکى سامناك دەخاتە سەر ڕووخسارى تابلۆیەکەوە.

ژیــان تەنهاییەکــە لــە شــەونخونیەك دەچــێت بــەدەم خــەونێکی ترسـناکەوە، لـە باڵندەیـەکی دوور لـە لانەکـەی دەچێت ئەگەرچی هەموو ئاسمان جیهانی ئـەوە بـەڵام ناتوانێت حاشا لـە مـاڵی خۆی بکات، زۆر کات ئارەزووەکان ڕێگە بە لێکدانەوەکانمان نادەن زاڵ بن بەسەریاندا ئەوسات ڕێچکەیەکی سەیر لە جیهانی خەیاڵەوە دێتـە پـێش وا هەسـت دەگرێـت شـەوەکان تـەنها کاتـانێکن بێـداری لـە یـادەوەری مـرۆڤ دەشارنەوە، ورده ورده ئەگـەر وەها لێکبدەینـەوە وەهـا تێدەگـەین هەنـدێك جاریش ژیـان هاوڕێتیـە تـەنهایی لـە هەستی مرۆڤەکان نـامۆ دەکات، ئەگەرچی وا ساناش نییـە لەگـەڵ یەکدا هەریـەکێکمان وەك سروشـتی خۆمـان بـین، بـەڵام ئـەوە بـۆ توانایيـە وادەکـات جیـاواز بـین لـەوەی کـە لـە دڵمانـدا هەیـەو جیاوازتریش بین لەوەی کە لە سەر زمانی خۆزگەکانمان دا هەیە.

ژیـــان لـــە یادەوەریـــەکی بـــۆ کۆتـــا دەچـــێت، ڕووداوەکـــان نووسـەرەکەیەتی و ئێمـەی مـرۆڤیش وەك پێنـووس چـاو بەسـەر دیاردەکان دەخشێنینەوە، هیچ ژیانێك هێنـدەی تـەنهایی بۆ مـرۆڤ تـاڵ نیـە ژیـان لـە پـەراوێزی مەرگـەوە دەخوێنێتـەوە تـەنهایی لـە سرووشتی هیچ کەسێك مانـای ژیـان پڕ ناکاتـەوە، ئـەو تەمەنـەی خاڵی بێت لـە هـاوڕێتی بوونیادنـەری بێـزاری و دڕندەییـە، ڕێگـای تـەنهایی هـەمان ڕێگـەی نامۆییـە، ئێمـەی مـرۆڤ کاتێك دەگەوینـە

چاڵی غەریبی سرووشتمان لە یاد دەکەین تەنها چرکەکانی ئێستامان دەبینین، بەر لە ڕابردوو خۆزگە دەبەین و بەر لە داهاتووش بێ هیوا دەبین، وەك شەوەکان لەیادمان دەچێتەوە کەوا سرووشتی ئێمە (تاریکی) نیە، وەك ڕۆژەکانیش لە یادمان دەچێتەوە کەوا سرووشتی ژیان هەر ڕووناکی نیە، ئەوەی دەیبینین لەوانەیە بەس نەبێت بۆ داوای چاوەکانمان تەنهایی تروسکەیەکە لە چرای ئەویندا ونبووە.

لە ژیان فێردەبین ئاخەکان بەسەرەتای خەندەکان بزانین لە خەمەکانیش فێر دەبین مانای ڕاستیەکان و مانای چاکەکان لێکبدەینەوە، تەوژمی سەختیەکان هەندێکجار مرۆڤ بەرەو لووتکەی بێزاری دەبەن، مرۆڤ پێشنیارێکە هەمیشە وێڵە بەدوای وەڵامیدا ئەگەرچی پێشنیارەکان پرسیار نین بەڵام ئەوانیش وەڵامی خۆیان هەیە، (مرۆڤ) تا کاملێکە بەڕاستەقینەبوونی خەو دەبینێت، چ شتێك هەیە پێویستی بە شتێکیتر نەبێت؟ چ بێزاریەك هەیە پێویستی بەتەنهایی نەبێت، خەمەکان و بێزاریەکانمان هەمیشە پێویستیان بە هیوایە هیواش زۆر کات وشەیەکی تاڵە لە هەستێکی شیرینەوە دەردەبڕدرێت.

کاتێك دەژین هەست دەکەین پێویستمانە بە مردن بگەین، کاتێك دەمرین پێویستمانە بگەین بە ژیانەوە، هاتنە (بوون) واتە مردن و مردنیش واتە لە دایکبوون، بێزاریەکان کاتێك ڕووخێنەر دەبن بۆمان دەمانکەن بە شیاوترین بەندەی کات، بەڵام مرۆڤەکان کەمێکیان نەبێت لە کات چاوەڕوانی هیوا ناکەن زۆر کات لە بێ هیواییدا دەمانەوێت بە پێی تێپەڕبوونی کات شتەکان ئاسایی ببنەوە بەڵام ئەوە هەرگیز پێی ناگوترێت هیوا، هیچ شتێك نیە لە ژیان یادەوەری پەی پێ نەبات لەگەڵ ئەوەشدا چارەنووس بەر پرسیارنیە کە مرۆڤەکان چیان بەسەر دێت بەڵکو تەنها زانیاری هەیە لەوەی چی بەسەر دێت باروودۆخمان چونکە هەمیشە ئەو قەدەرەی بۆمان داندراوە بە ڕەوتێکی تریدا دەبەین، زۆرکات کە داڕوخاین لەژیاندا چرپە نەبێ هیچیتر نابیستین خەیاڵە بێ ڕەنگەکان نەبێت هیچیتر نابینین تێکەڵ دەبین لەگەڵ بێدەنگیەکان بۆ ڕابردو لێکدانەوە لێك دەدەینەوە نازانین چۆنە، تەنها ئەوە نەبێت ئەمجارەیان شتێك لە شتێکیتر جودا دەکەینەوە بەڵام دڵمان خۆش نیە چونکە بەهیواوە لێکدانەوە لێك نادەینەوە کە واتێبگەین ڕووخانمان بۆ ئەوەیە سەر لەنوێ درووست بینەوە.

ژیان هەندێکجار کە بێ هیوامان پیشان دەدات وەکو سەراب وایە هەستەکانمانن ئەوکاتە فێڵمان لەگەڵ دەکەن کە پێویستمان پێیەتی نەوەکو ژیان، کاتێك ئاوازی خەندەکانمان هێشتا ئاسەواری گریانەکامانی پێیەوەیە ئەوە دەتوانین پێچەوانەی فرمێسکی خۆشی ناوی ئەوەشی لێ بنێین بە خەندەی ناخۆشی، هەرچەندە زۆرکات خۆشی و ناخۆشی لە شێوەدا وەکو یەك وان بەڵام بۆ مرۆڤی ئازا پەیتا پەیتا خۆ دۆزینەوە لەو ژیانەی کەتێیدا ونە بەیەك لێکدانەوەی پڕ لە هیوا ئاسان دەبێت ئەگەر وەها لێکبداتەوە لەخۆی خوارو‌تریش هەیەو بەرکەوتی قەدەرەکەی لەو باشترە، بەهیوا هەرگیز خۆی ون ناکات لە ڕاستیدا هەر ئەوانە خۆیان ون دەکەن کە هێشتا تەواو خۆیان نە دۆزیوەتەوە، خۆدۆزینەوە لەدەستکەوتنی هۆشیارییە بەڵام هۆشیاری ڕاستەقینە چ مرۆڤێك دەستی دەکەوێت لەکاتێك وەك (شێت)ەکان ئازایانە ڕوو بە ڕووی نابێتەوە، لای ئەوان ئاسانە لە قوڵی گریانەوە خەندە تیژتێپەڕەکان بقۆزنەوە و لە هەل و مەرجێکی وا سادەشدا دەتوانن گریانە قوڵ ئاساکان بهۆننەوە، بەڵام چ ساتێك ئاسانە ڕووبەڕووی ئەو شتانە ببینەوە کە ئەزموونمان نیە بەسەریانەوە؟ مەگەر ئەوکاتەی ئەزموونی کەسانیتر لە ژێر چاودێریمانەوە وەك خەڵاتێك لە سێیەکی ڕێگای خۆیاندا هێورمان دەکەنەوە.

ڕێڕەوی ژیان وایە هیچ کات ناتوانین تەواو بڕیار بدەین بە بێ ئەگەر، تەنانەت بەرزەفڕی لە کرداریشدا نیە، کاتێك گوفتار و ڕەفتارمان دوور دەبنەوە لە یەکتر هەر یەکەیان سەربەستی بە پێچەوانەی ئەویتر بەکار دەهێنێت.

ژیان بەهۆی کردەوەکانی خۆمانەوە لە هەندێك باردا بەرەو ئەوەمان دەبات کە ڕقی لێ یەتی، زۆر جار ئێمەی مرۆڤ دەچینەوە ئەو شوێنەی کە لێ یەوە هاتووینە، لەوێدا وا تێدەگەین شتێك دەزانین لە بارەی ڕابردوومانەوە بەڵام هەرگیز ناتوانین ئەزموون بەراورد بکەین لەگەڵ هەوڵە زیادڕەویەکانمان، شێوازەکان فریو دەرێکن زیادتر لەوەی کە موژدە هێنەر بن بەڵام هەڵەکە لەوانەیە لە خودمان بێت چونکە ئەوەی ئارەزووی دەگەین ئێمە ئەو بە شیاوتر دەزانین، ئەگەر هیوا بوونی لەناخی ئازایەکانەوە ببینین هەرگیز بڕوامان بە لێکدانەوەی ئارەزووەکانمان نابێت، بەڵام دەبێت ئارامگربین بۆ لەناو بردنی بێهیوایی چونکە ئێمەی مرۆڤ بە سەرسامی بێ هیوا دەبین تەنانەت کە هێشتا هیچ ئەزمونێکمان بەسەر جیهانەوە نەبوو کاتێ لە دایکبووین بێهیوایی یەخەی گرتین بۆ دەستکەوتنی ژیان گریاین کەچی کە هاتینە ژیانەوە بۆ لە دەستدانی گریاین، با مردن وەکو لەدایکبوون سەیر بکەین لەناو (تاریکی) سکی دایکەوە چ شتێك پێمانی دەوت خۆر و ئەستێرە و

مانگ و قەرەباڵغی بوونی هەیە، مردنیش هەمان شتە بۆچی بگرین کە ئێمە هیوامان بە دووبارە لەدایك بوونەوەیەکیتر هەیە، هەمووئەوەی بۆی دەژین ویستەکانمانن زۆرجار هێزی لاوییەتی خۆمان پێ ژێرییە گەلێك جاریش لێ هاتوویمان لە پیری پێ بە توانایییە، دەکرێت لەوانەوە وانەیەك فێربین کە لەناخی دەستکەوتەکاندا دەتوانین هەمووشتێك بەدەست بهێنین و بڕوامان بە توانای خۆمان هەبێت، بەڵام دواجار بڕوابوون هەموو شتێك نییە تەنها پێشبینی کردنی ڕاستییەکی خودی کەسیەتییە. دەکرێت لە ماندوویەتی و شەکەتی ئەوە فێربین کە هۆکارێکە بۆ زیادترکردنی ئاسوودەیی حەسانەوە.

کاتێك تێدەگەین کە لە (شێت)ـیەوە ژیری دەبینین و کاتێك لە (ژیر)ـیەوە نەزانی دەبینین ئەوکات ژیان خوێندنەوەی پێچەوانەکانە کە نووسینەوەی بۆ دەکەین ئەوەیە کە سڕینەوەی خەم و بێ هیواییەکانە لە کاتێکدا فرمێسکێك سەربەست دەکەین بۆ چ مەبەستێك بڕژێت، ڕەوتی ژیان پڕیەتی لە بێزاری ئەمە لە ئازاکان نابیندرێت چونکە بەهای فرمێسك دەبێت بەقەد بەهای ئەوشتە بێت کە بۆی دەگرین، هەندێکجار ئێمەی مرۆڤ لە هەندێك بارو دۆخدا ئەوەندە دەستبەرداری هیوا دەبین ئەو دەرگایەی کە هەمیشە بوونی هەیە و داناخرێ پەی پێ نابەین

بەلام بە مەبەستی هەمیشەیی دایدەخەین زۆر بێ بە زەییانە قوفڵی دەکەین ناشمانەوێ بوار بەخۆمان بدەین هیوایەك بۆ شكان بدەین، هەمووکات هۆكار ئێمەین وا درووستدەکەین، خەم قورس نیە تەنانەت بڕوا پێ نەکردنیشی، بەلام بێ توانایی قورسی دەکات دەکرێت بە شێوەیەکیتر لێکدانەوە بۆ شتەکانمان بکەین هەندێك لە گەورەکان بەرز نین نزمەکان لە پێوەری خۆیانەوە ئەوان دەنرخێنن، جیهان تا بە ویستی ئێمە بێت هەرگیز ناتوانێت ماناکەی شی بکاتەوە، ئێمە و ژیان واتە بە جێ گەیاندنی ئەرکەکانمان، ئێمە بۆ دەبێت لە قالبی خۆمان دەربچین، کاتێك دەکەوینە نێوانی خەندەو گریان تێدەگەین مرۆڤ واتە چی، مرۆڤ واتە ڕۆیشتن بۆ ئەو (تاریکی)ەی کە لێ یەوە هاتووە و لە دەستی رادەکات بۆ ئەوەی بچێتەوە زێدی ڕاستەقینەی خۆی.

ژیان واتە بەدەست هێنانەوەی ئەو شتەیە کەوا بریار وایە لەدەستی بدەین، جارجارە لە تۆزقالێکی ئەم بوونەوەرەدا سەرمان سامە نازانین زمانە هاوبەشەکانی حالْ چۆن بدوێنین تا پێناسەی ژیانمان بۆ لێك بدەنەوە، نازانین لە زمانەکانی دەورو بەر گوێمان شل بکەین کە سروودی هیوا دەلێنەوە، هەلاتنی خۆر و مانگی چواردە و ژیانەوەی لقێك لە درەختێکی بڕاوە، نامانەوێت بۆ ئەو پرسیارە سەختانەی ناخمان گوێیان بۆ شل بکەین پێویست ناکات

لـەم گەردوونــە فراوانــەدا بۆیــان بگــەڕێین تــا وەڵامێکیــان بــۆ بدۆزینــــەوە بــــا دەمێــــك ڕوو لــــە گــــەورەترین درووســـتکراو و دەمێکیتریش ڕوو لە بچوکترین بونەوەر بکەین، با لە هەردوو باردا پێناسـەی ژیانمـان چنـگ بکـەوێت، بـۆ هەمیشـە دەرگایـەکی کـراوە هەیـە بـۆ ڕۆیشـتن بەسـەریدا بـۆ ڕێگـای مەبەسـت ئـەو دەرگایـەی داخراوە لە ڕاستیدا مادەم بە تەنها خەیاڵمان پەی پێدەبات بـوونی نیــە، لەوانـــەوە تێدەگـــەین هـــەرە بچـــوکو هـــەرە گـــەورە لـــە جیهانەکەمانـدا یـەك توانـای تێڕامانیـان هەیـە بـۆ تێڕامانـەکانی مـرۆڤ هـەر دووکیـان وانـەی هیـوا دەڵێنـەوە، لەوانـەوە تێدەگـەین ئـەوەی بـەرزە فـڕی لـە ئاسمانـدا دەوێـت کەوتنـە خوارەوەیشـی سـەختتر و بـە ئێشـتر دەبێت، ئـەوەی لـە ڕۆژگـاردا بـۆ هەمیشـە دەڕوخێت چۆن دەتوانێت پێناسەی ژیان بڵێتەوە ئەوەی لەم بوونە ڕا دەمێنێت چۆن دەتوانێت وێنەی گەردوون نەخوێنێتەوە.

ژیـان لـە کاسـەیەکی پـڕ دەچێت بـەڵام نـاتوانین تـا دوایـین دڵۆپ بیخۆینەوە، لە سروشـتی (تـاریکی) دەچێت نـاتوانین بـێ ڕوونـاکی بەهای چاومان بدۆزینەوە کاتێك گرفتەکانمان وامانی لێ دەکات لـە خراپترین باردا پێچەوانەی کاردانەوەی (باو) بین، لـە وێـدا زۆر بـە ڕوونــی تێدەگــەین کــە ئــەو گوزارشــتە لێکچــووانەی وەك ئاوێنــە شێوەی ژیانی تێدا دەبیندرێت چەند پێناسەگەلێکی لێوەشاوەن.

ژیان دڵی دەوێت تا لێی تێبگەین بەڵام بەدەگمەن مرۆڤەکان بەدڵ لێکدەدەنەوە، لەوانەیە ژیان بتوانێت پێمان بڵێت فێربن بەڵام مەرجە ئەوەی پێشنیار دەکات وەڵام وەربگرێتەوە هەندێکجاریش مەرجە ئەوەی پرسیاری لێدەگرێت وەك پرسیار وەڵام دەرنەبڕێتەوە، لە پرسیار و وەڵامە بە ئازارەکانیش ئەوەیە وەڵاممان بوێت و نەزانین چۆن پرسیاربکەین، وەڵام بزانین و کەسێك نەبێت لێمان پرسیاربکات.

ژیان هەر شتێکە بەڵام ئەگەر ئێمە کە لە یەك ڕووەوە دەیبینین هۆکارەکەی ئەوەیە کەوا تەنها لەم جیهانە بە سرووشت سێبەراوییەدا هەستی پێ دەکەین، بەڵام ئێمە یەك لایەنە بۆ تێڕوانین و سەپاندن و پێوانەکردنی ژیان بەسەر بارو دۆخەکانی ترەوە دەڕوانین، بۆیە هەست بە ڕوخانی یەکجاری دەکەین و هیوا لەدەست دەدەین ئەگەرنا هەوڵدان هەرگیز بێ بەرهەم نیە، ڕەنگە بتوانین لە (کات) خۆمان بدزینەوە لەوانەشە بتوانین لەو شوێنە نەبین کە هەموو کات ئارەزووی چوونی دەکەین بەڵام کاتێك لە خۆمان بێزار دەبین هەرگیز ناتوانین لە خۆمان دوور بکەوینەوە کەواتە پێویستە بەهیواوە ڕابێین لەسەری چونکە سیحری ڕاهاتن تەنها لەوەدا نیە کاتەکە دەقرتێنین بەڵکو لەوەدایە توانای گۆڕینی سروشتێکی هەیە کە پێمان وایە لەبازنەی مەحاڵدا دەخولێتەوە.

ژیان واتە لەدەستدانی خاڵی وەستان واتە دەبێت تاوەکو ژیان بەردەوام بێت ئێمەیش مەرجە بەردەوام بین، ژیان واتە لە دایکبوون بۆ تاهەتایە، لە نەبوونەوە هاتووینە بوون ناکرێت دووبارە بگەڕێینەوە نەبوون، پێویستە لە وشە زەقەکان و زۆر بلێییە بێ ئەزموونە نا ئەقلانیەکانی بێهیوایی نەترسین چونکە زۆرجار دەسەڵاتی ئێمەی مرۆڤ لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە دەسەڵاتێکیتر ترسمان هەیە و دەیخەینە ژێر ئەزمونەوە، گرنگ نیە کە ناتوانین زاڵبین بەسەر ئەو هێزەی کە لەدەسەڵاتی ئێمە ئەزموونداترە پێویستە بە شێوازێکی جیاوازتر لە تێپەڕبوونی کات ڕابمێنین، ئەگەر وا نەبێت هەمووومان هەر ئەو ڕێگەیە دەبڕین کە کۆتاییەکەی هەمان ئەنجامی هەیە، با جیاوازتر لێکبدەینەوە ئێمە ژیان نابینین بەڵکو هەستی پێدەکەین هەر بۆیە دەڵێین: "ژیان خۆشە" ناڵێین "جوانە"، با ئاوڕێك لە ڕاستیەکان بدەینەوە چاوەکانمان شتەکان ئارایشت دەکەنەوە لە بنەڕەتدا هیچ شتێك نە وەها جوانە کە چاوەکانمان پێناسەی دەکەن نە(ناحەز)یەکانیش وەها ناشرینن کەوا دڵەکان دوورە دەستی دەکەن، هەر شتێك شتێکیتر دەنرخێنێت، چەندە بە شێوەیەکی سەیر ئێمەی مرۆڤ درووست دەبین تا منداڵین شتەکان بە بچووکی دەبینین بە سادەیان دەزانین کەچی کە گەورە دەبین

هەرە سادەش بە ئالۆزی ئەژمار دەکەین، هەر هەمان هۆیە کە لە منداڵیدا زۆر پێدەکەنین و زۆریش دەگرین بەڵام لەگەورەییدا هەم کەمتر پێدەکەنین هەم کەمتر دەگرین.

ژیان چەندە بە پووختی سروشت نمایش دەکات، با بۆ چەند ساتێك دوور لە حاڵی ئێستاماندا سەرنجەکانمان لێکبدەینەوە ژیان هەمووشتێك لە خۆ دەگرێت تەنانەت ئەوەی لە ئەندێشەماندا هەیە هەمان شتە لە ساتەوەختێکیدا دێتە دی، وە ئەوەی لەبەردەستماندا هەیە هەمان شتە کە سەرەتا لە ناخماندا وێنەمان بۆی کێشا بوو، سەیری گەورەیی گەردوون و بچووکی خۆمان و بێشکەکەمان بکەین کاتێك لەسەر کاغەزێکی خەیاڵدا وێنەی گەردوون دەکێشین و دەمانەوێت لەو فراوانیەدا جیهانەکەمانی تێدا دەربخەین ناتوانین تەنانەت خاڵێکیش بۆ خۆمان وێنا بکەین لە حاڵێکدا خۆمان لەو خاڵە بە ملیۆنەها جار بچوکترین، لەو چرکە خەیاڵاوییەدا پەی بە نامۆبوونێك دەبەین کە لە سرووشت، دەرچووە ئەمە هیوایە مەحاڵیەکان لەگۆڕ دەنێت ئێمە لە کوێی ئەم گەردوونەداین ئێمەی مرۆڤ بە پێوەری خۆمانەوە ڕەنگە گەردوون نامۆ بکەین بەڵام ئەوە ئێمەین نامۆین لەچاو گەردوون، چەندە سەیرە کاتێك ماف بە لایەنێکی سەیرتر نادەین.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی ژیان دەکەین پڕاو پڕین لە مەرگ، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئێمە مردووین مردووی ڕاستە قینە ئەوەیە کەوا هەمیشە ڕوخاوە، زیندووی ڕاستەقینەش ئەوەیە کە لێکدانەوە بۆ سبەی دەکات، بەڵام هیوا بەس نیە ئەگەر کردەوەی لەگەڵ نەبێت چونکە هیوایەك بێکردار تەنها کات بەفیڕۆدانە، پێویستە جۆرەکانی هیوا لێك جودا بکەینەوە دەرگایەك کە داناخرێت پێویست ناکات کلیلەکانی بپارێزین، خۆرێك کە دووبارە هەڵدێتەوە بۆچی بەدیار ئاوابوونیەوە بگرین، ئەگەرچی ئێمە هەموومان لێکدانەوەکانمان وەك یەك نییە بەڵام هەر یەکێکمان بەجۆرێك دووچاری ژیانین هەر ئەوەشە ژیانمان لە لا شیرین دەکات و هەر ئەوەشە ژیان وا لێ دەکات هەزاران پێناسەی هەبێت.

ژیان وەك مۆم وایە هەمیشە بۆ توانەوەی خۆی فرمێسك دەڕێژێت چەندە جوانە بەر لە ڕوخان مۆمێك دادەگیرسێنین بەڵام جوانتر ئەوەیە ڕق لە (تاریك)ـی هەڵنەگرین، ژیانی ئێمە نرخی ئەوەی هەیە لە پێناویدا مردن بەدەست بهێنین بەڵام ڕق لە ژیانمان هەڵنەگرین لە حاڵێکدا مردن بە مانای لە ناو بردنی ژیان نایەت ژیان خۆشە کاتێك ئەو شتەی دەمانەوێت بە دەستی دەهێنین و مردنیش لە جێگەی خۆیەتی کاتێك ئەو بەهایەی لە ژیان پێی ناگەین لە دوای مردن بەدەستی دەهێنین بەڵام هەنگاو نان بۆ

مردنێك زۆر گرنگترە لەوەی کەوا بگەڕێینەوەو بۆ داهاتوو بزانین چۆن ژیانێك هەڵبژێرین، گوناهێك هەمیشە لە دەروونماندا هەیە بۆ ئەنجامدان ئەویش ئارەزووەکانمانن، چەندە گوناهباردەبین کە هەموو شتێکی ژیان لە ئارەزووەکانمانەوە دەبینین و هەستیان پێ دەکەین، میلی کاتژمێری ژیان چرکەکانی هەرگیز لە خورپەکانی ئێمە ناچێت و هەستی پێناکرێت، ژیان بۆ ئێمە درووستکراوە تا چرکە نەبڕاوەکانی تێپەڕ بێت بەسەرمان، کە بە سەرنجێکی تایبەت سەیری میلی کاتژمێر دەکەین جێگەی خۆیەتی سەرسامییەکی زۆر بمان گرێت چونکە لە ڕاستیدا بۆ تێپەڕکردنی ژیان بەسەر خۆمانەوە پێویستمان بە کاتژمێر نیە زەمەنێك کە کۆتاییەکی نادیاری هەیە پێویست ناکات یەکەکانی ئەژمار بکەین.
کاتێك کە سەیری مردن دەکەین تاکە شتە کە لەسەرووی ژیانەوە سەر پشکی بکەین، ئەوە تە دڕندەکان و خوێن ڕێژەکانیش لێی تۆقیون لە کاتێکدا چرکەکانی مرۆڤە بێ هیوا و بێ باوەڕەکان دەوەستێنێت، سەرەڕای ئەوەش مردن کۆتایی بە هەموو شتێك ناهێنێت جەستە دەمرێت و هیوا هێشتا زیندووە، بۆیە ژیان هەرچۆنێك بێت هەر دەگوزەرێت، ئێمە کە لە دایکدەبین هەمووشتێك سەرەتایە لامان چونکە یەکەم هەنگاومان وەك دوا هەنگاوە.

ژیـان خۆشـە لـەو ڕووەی کـەوا ئارەزوومانــە و تاڵـە لـەو ڕووەی کـە چاوەڕوانی مردن دەکەین، بەڵام هەرچییەك بێت ژیان هەم خۆشە هەم ناخۆش، مردنیش هەرچیەك بێت چونکە سەرەتای ژیانی ڕاستەقینەیە کلیلێکی سوورکراوەیە دەبێت بـە دەسـتی خۆمـان دەرگـای هەمیشـەیی تەمـەنی ڕاسـتەقینەی پـێ بکەینـەوە، مـەرگ دوژمنمـان نیـە کاتێـك دەبیـنین نیعمـەتی پیریمانــە، لـە بەرامبـەردا ژیـانیش ئـەو ملوانکـە مروارییـە نیـە کـە بـە پسانی هـەموو بەشـەکانی لـە دەسـت بـدەین لـە دایکبـووین بڕیـار بـوو بـژین، ژیـایین واتــە ئامـادەبووین بـۆ ژیـانی ڕاستەقینە، دەشمرین واتە هەنگاوێکیتر بۆ ژیانێکیتر، بەڵام نـەبوون لـە هیـزری خۆمانــەوە هـیچ شـتێك ناگەیـەنێت جگـە لـەوەی ڕاسـتیەکی نادیارە، ژیان بوێری لە دەستپێکی لێ داوا نـەکردووین بۆیـە کـە مـەرگ یەخەمان دەگرێت ناهێڵێت لەسەر بـوێری بڕیـاری بـۆ بـدەین، بـۆ هـیچ کاتێك خۆبەدەستەوە نەدان لە پێناو خووەکانمان مایەی سـەر بـەرزی و شەرەف نیە پێویستە لەو کاتانە هیواو پێ داگری لەیەك جیابکەینـەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهاو (گەورەیی)خۆمان نابێت بەدەستی خۆمـان لـەناو ببـەین. چـاوەکانمان هـەموو شـتانێك دەبیـنن بـەڵام لێکدانـەوەی بۆیـان ناکـەن، چـونکە کـاری ئـەوان نیــە بۆیــە هەڵـەی چـاو لـە تێڕامـانی ئارەزووەکانمانە باشەی سەیر کردنمانیش لە تێڕامانی دڵمانـەو گرینگـی هەر تێڕوانینێکیش لە لێکدانەوەی ئاستی لیکدانەوەمانە.

ژیان وەك شەوی (تاریك) وایە ئەستێرەكان نەبن (تاریكی)ـەكانی ئاسمان هەرگیز ڕۆڵێكی میهرەبانیان نابێت (تاریكی) ژیانیش ئەستێرەی مەرگە، نرخی ژیان چەپكێكە لە دەستی خودماندایە. كەسانێك نرخی ژیان لە ئەویندارییدا دەبینن كەسانێكیتر نرخی ژیان لە سامانداریەتیدا دەبینن، بەڵام زۆر دەگمەنن ئەوانەی نرخی ژیان لەخودی (ژیان)ـەوە دەدۆزنەوە و ئاشنای ژیانی ڕاستەقینە دەبن، لە هەموو چركەیەك ڕاستییەك بوونی هەیە پێمان دەڵێت ئاگاداربن ژیان هەمووشتێك بەجێدەهێڵێت تەنانەت جیهانەكەشمان بەجێدەهێڵێت، سروشتی دڕندەیی نیە بەڵام چۆن پەروەردە بكرێت ئەو شێوازە وەردەگرێت، لە دایكبووین ژیان لە ئامێزی گرتین لەپیری پێدزەمان كرد لێی، هەرگیز نابێت بەوە دڵخۆشبین كەوا ڕادەستی سروشتمان دەكات چونكە بە گشتی زۆر بە ناسرووشتی لەگەڵ خۆماندا ڕاهاتووین، هەوڵێكی چەندە جوانە كاتێك دەمانەوێت پێش بە ژیان بگرینەوە بازگەی مردنمان لە پێشەو سنووری (نەبوون) داخراوە ناتوانین لەو ڕۆشناییە سەوزە تێپەڕ بكەین كە چاوەكانمان بەسوور دەیخوێنێتەوە، هەڵەیەكی پڕ لە خۆ ویستی ئەوەیە كاتێك بۆخودی خۆمان و لەترسی مەرگ ژیانمان خۆش دەوێت.

ناتوانین حاشا لەو ڕاستیە بکەین مرۆڤانێك هەوڵێکی زیاد لە پێویست دەدەن بۆ خۆ ویستی و تەماح کە سەرەتای گوناهەکانیانە، گریانی منداڵێك بەسە بۆ ئەوەی ویژدان وەك خۆی ببینین دەریاکان شێوەن بۆ دوور کەوتنەوەی زریانەکان ناگێڕن کەنارە وشەکەکانیش بۆ زریانە وێرانگەرەکان ئاهەنگ ناگێڕن سەردەمەکان حاڵی نابن ساتەکان چۆن تێپەڕ دەبن شەوەکان تیشکی خۆر ون ناکەن بەڵام کاتێك هیوامان هەیە دەبێت چاوەڕێ بین دووبارە خۆر هەڵبێتەوە چونکە (تاریکی) توانای ئەوەی نیە مەشخەڵی هیواکانمان بشارێتەوە ئەگەر بەیداخی ژیان هەمیشە بەدەستمانەوە بێت.

لە ڕوانگەی ترسنۆکەکانەوە ئازاکان دەمرن ژیان سەر لە نوێ ڕووکارێکی جوان و ناواخنێکی پووچی دەبێت دووبارە بەهاکانمان لە ژێر دەریاکان دەمێنێتەوە دووبارە لە بەرزاییەکانی خۆزگەکانەوە دووری ئەستێرەکان بارێکی دژوارمان بۆ درووست دەکەن، دیسان خەونەکانمان بێ ڕووناکی بە چاوی داخراوەوە دەبینین، بەڵام تاکە بەها بمێنێتەوە ڕاستیەکانن کەوا خۆ گەوج کردن لە هەستپێکردنیان نەفامییەکی ڕاستەقینەیە، هیوا بەنەمری دەمێنێتەوە ئەگەر لەیەکگەیشتنمان هەبێت لەگەڵی، هەمووشتێك کۆتایی پێدێت ژیانیش بەهەر شێوازێك بێت

دەگوزەرێت دواجاریش زەویماڵی ڕاستەقینەی ئێمە نیە میوانێکی درێژمیێدەرین بەڵام کاتێك خەیاڵەکانمان ڕابەرمانە هەموو هەوڵمان بۆ پێکهێنانی جیهانێکی ئەفسانەییە.
ژیان وشەیەکەو شیکرنەوەی وشەیەکی وەك (ژیان) کتێبێك پێك دەهێنێت، مەرگیش لەو وشەیە زیادتر نیە لە دایکبوون بۆ ژیان، ژین بۆ مردن، ئەوەیان ڕستەیەکە کەوا هەمیشە مێژوو درووست دەکەن و مێژوو لە گۆڕ دەنێن، بەڵام ئەوانەی بە نەمری ماونەتەوە ئەوانەن کەوا بەدرێژایی مێژوو ئەم ڕستەیان لێکنەداوەتەوە و بەگوێی هیواکانیان نەچرپاندووە بۆیە ژیاننامەی ئازاکان مێژوو مافی پێ نادرێت، لە ساتێك پاڵەوانێك ناتوانێت ببێ بە مێژوونووس ڕوو لە قەدەر دەکەین و ئەفسانەکان دادەڕێژدرێن دلێرەکان دەشاردرێنەوە و ئەوەی خۆی بە ئاوێنەی ئەم نمایشە دەزانێت لەسایەیدا وێنەکان بە ناسرووشتی هەڵدەگەڕێنەوە مرۆڤەکان کەسایەتیەکی ون وەردەگرن نەهەستی داگیرکاریان دەبێت نە خۆ بەدەستەوە دانیش، چونکە ئەوانەی بۆئێستا داوای ژیان دەکەن و بە تەنها بۆ چرکەیەك تەمەنێك هەوڵدەدەن هەرگیز لە پێناو ئەمڕۆ سبەیان بە دەست ناکەوێت ئەوەی لە کارەکەی دوێنێی باجی نەداوە هەرگیز پیشەکارێکی لێ هاتوونابێت ئەوەی ئەزموون لە دوێنێش وەرناگرێت هەر گیز ئەمڕۆ لە لای

گرینگ نابێت وەك کەسێك کە هۆشمەندی لە دەست دەدات هەرگیز لە باری بووندا ڕۆڵی نابێت، سەیری ژیان دەکەین بە چاوی بێ ئاگاییەوە دەبینین کتێبەکان جوانن وشەکان بە ئاسانی تێیاندا دەنووسرێنەوە و بە ئاسانی دەخوێندرێنەوە هەموویان تێپەڕ دەبن چرکەکان شایەدحاڵی ڕاستیەکانن بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕابردوو دەبینین مرۆڤەکان لە هەندێ باردا ئەودەرگایەن کە بڕوایان بە دەرگەوانی خۆیشیان نییە چونکە بوێرنین لە بڕیاردان لەسەر یەکلاییکردنەوەی خۆیان بوێری لە هیواکانماندا دەسەڵاتێکی ڕەواتر و زیادترمان پێ دەبەخشێت.

ژیان وەکو کێشانی نیگارەکان وایە ناتوانین بە تەواوی لاسایی سرووشت بکەینەوە بۆیە خەیاڵ تاکە فرمانڕەوای نەشیاومانە پێویستە جارجار فێڵ لە ئارەزومان بکەین چونکە ژیرییان نییە لە کاتێك بارودۆخەکان پێچەوانە دەبنەوە نرخ و بەهاکان دووبارە دەردەکەونەوە هیچ شتێك لەم گەردوونەدا بە نادیاری نامێنێتەوە، زەوی لانەیەکی هێمنە پڕە لە باڵندە باڵشکاوەکان ژیانیش وەك خوێندنەوەی ئەو کتێبانە وایە کەوا نەزانین لە کوێوە دەستمان پێ کردووە لە دوایش نەزانین لە کوێوە کۆتایی پێ دەهێنین، ناوەختیەکان هەندێکجار ئازاریان هەیەو وانە بەخشن و هەندێکجاریش چێژیان هەیەو لە یاد بەرن بۆ ئەزموونەکانمان،

ئـەو مرۆڤـەی لـە ناوەختـدا پێدەکـەنێت هـەر لەناوەختیشـدا دەگریـەت، بـەڵام ئەگـەر کاتمـان دانـا بـۆ پێکـەنینمان هـەرگیز پێکەنینی دەستکرد بوونی نابێت ئەگەر کاتمان دانا بۆ ئەوکاتـەی کـە پێویستـە بگرین هـەرگیز گریـانی بێ بەرهـەم بـوونی نابێـت فرمێسـکێك کـە بەرهـەمی پێکـەنین نییـە چ وانەیـەکی تێـدا فێردەبین، پێکەنینێك کە بەرهەمی گریـان نیـە چ ئاسودەییەگمان پێ دەبەخشێت، لە کاتێك فرمێسکەکان پێویستـە گوزارشتێکبن لـە نـاخی هیواکانـەوە هـەڵقوڵابن، هەمیشـە بـۆ دیمـەنی پاییزەکـان و هـەڵوەرینی درەختـەکان نابێـت دڵتـەنگ بـین لـەو ساتەدا نـازانین بەهارەکان چەندە جوانە کاتێك نەوەکانی گەڵاو گوڵەکانمان پیشان دەدەنەوە ئەمە نمایشی هیوایە کە خۆی دەنوێنێت، بۆ مرۆڤـی بێ هیوا ژیان تەواو بووە و چاوەکانی توانای نییە بکاتەوە نازانێـت بـۆ لـەو سـاتەدا چـرکەیەکی پـڕ لـە نیگـەرانی بەسـەرتەمەنیدا درێژبووەتـەوە کەسـێکیش نییـە لـە زمـانی تـەنهایی تێبگـات لـە شـەوێکی سامناکدایە و مـانگیش وەکو ئـەو تـەنهایی دڕندانـە لـە باوەشی خۆی گرتوویەتی، بەڵام کاتێك دەبینێت زۆرشت شاراوەن و ئەو بەچاوی "ورە"ـەوە نەیبینوە کە تریفـەکان دیمـەنێکی چـەندە هیوابەخش لە ئاسمانەوە نمایش دەکەن لەو ساتەدا بڕوا ناکرێت لە تەنهاییەك ڕوناکی وەهامابێتەوە بەشی دوورە دەستەکانیشی بدات.

شتەکان لە دوورە وە جوانن ئێمەی مرۆڤیش لە خاوەنی خەسڵەتە سروشتیەکانی بوونین بەڵام ئەوە گرینگە لە ناوەوە هەموو شتەکان وەك خۆی پیشان بدەین ژیان لە درێژە ڕێگای ماڵئاواییکردن سڵاوی لێکردین بۆیە ڕقمان لە مردنە، مرۆڤەکان بەگشتی ڕیشەیەکی خۆپەرستی لە ئارەزوویاندا هەیە بۆیە کاتێك دوژمنی ناخی خۆمان دەبین زیادتر خۆپەرست دەبین.

ئەگەر بە ڕاستەقینەیی ژیان بکەین هەموو دەوروبەر لە جێگەی خۆیەتی مەرج نیە بە وازهێنان لە هیوا "هیوا" بمرێت گەر بۆ شێوازێکتر بڕۆین، چیتر پێویست ناکات دیوارەکان بڕو خێنین ئەگەر ڕابێین لەگەڵ کۆسپەکانی سەرەڕێ، پێویست ناکات چیتر پردەکان بوونیاد بنێینەوە ئەگەر لەناخی یەکتردا دانەبڕێین، پێویست ناکات لە نیگەرانی و خۆشحاڵیشدا سەر زەنشتی مردن و ژیان بکەین هەمیشە سەختیەکان و خۆشیەکان دەبن بە پەندو وانەیەك بۆ ژیانمان، هیوا بۆ هەمیشە لەناو چوونی نیە وەك چۆن هەمووکات درەختەکان سەوز دەبنەوە وەك چۆن مردن کۆتایی ژیان نیە وەك چۆن لە نەبوون ژیان دۆزیمانیەوە ئاسانترە لە مردنەوە بماندۆزێتەوە، پێویستە بەر لە تێڕامانی گوڵەکان بێزاربین سەرنجی دڕکەکان بدەین تەمەن پاساوی پیری نیە کە هێزمان نامێنێت ئەگەر هیوابەخش بین هەموو کات ئەو مرۆڤەین کە ئارەزوومانە وابین مردنمان لووتکەی ژیانمان نیە ئەگەر وا هەست بکەین مردن تەنها خەوێکە زوو ڕا دەبین نابێت چیتر بۆحەسانەوە ژیان داوا بکەین سێبەر لە بیابانەکاندا چ بەهایەکی دەبێت ئەگەر ماندوو نەبووبین تا تەواو تێنووشمان نەبێت دڵمان بە هەورە ڕەشەکانیش خۆش نابێت پێویست ناکات چیتر لە پێناو خەندەیەك فرمێسکەکانمان بشارینەوە بە سرووشت هەمووشتێك

جوانە بەرزاییەکان ئەو شوێنەن لەوێوە گەورەکان بە بچووکی دەبینـدرێن (شێتە)کان ڕاستگۆترن لەوەی هەمیشە ئەوەی لە ناخیاندایە هەمان شتە لە جەستەیان دەبینرێت ئەمە واتای ڕوخان نییە بەڵکو وازهێنانە لە ڕوخان ئەمە واتە ڕازی بوون، هەمووکات چەمکی بەیەکەوەژیان چەپکمان دەکاتەوە ناهێڵێت ڕاستیەکان پەرتەوازە بن بۆ هیچ کات قەدەر مایەی ئازار نییە ئەگەر داهاتووی زاڵبکەین بەسەر سەختیەکان کاتژمێری ژیان وەستانی نییە خولگەکان نازانن دەستپێك و کۆتا لە کوێوەیە ئۆقیانووس و دەریاکانیش لە دڵۆپە باران دەستیان پێ کردووە ڕیبوار و کۆسارییەکانیش لە یەکەم هەنگاوەوە دەستیان بە ڕۆشتن کردووە بەڵام ئەوانە هەمووی لە بازنەی یەك هەست دا درووست دەبن ئەویش هەست کردن بە ژیان و بە هیواو بە بەهێزی.

تەمەن چرکەیەکی هەست پێ کردنیەتی، ئەگەر پاك و میهرەبان بین قەدەر لە سروشتەوە ستەم لە کەس ناکات هەرگیز بۆ دڕکەکان بارانەکان بیابانەکان تەڕناکات خۆریش لەبیاباندا نابڕێ سێبەر بۆ دڕکەکان ناهێڵێتەوە دڵسۆزی قەدەر لە قوڵایی هیزرەکانماندا هەستی پێ دەکەین، حەسرەت وشەیەکە زیادتر هانمان دەدات خەونەکانمان بکەین بە ڕاستی ڕاستیبوونی خەونەکانی ژیانیش فێرمان دەکەن هاوڕێ بین لە گەڵ هەوڵەکانمان و ئارامگربین.

هەندێکجار پێویستە لە مافەکانی خۆمان خۆش بین بۆ ئەوەی هیوا بڕا و نەبین پێویستە چیتر لە بەرزایی نەڕوانین نابێت بێزاربوون لە هەوڵەکانمان بەخاڵی لاواز بزانین چونکە بێزار بوون یەکەم نیشانەی سەرکەوتنە، وەك چۆن بۆ سەرکەوتن بەسەر پەیژەکانەوە لە یەکەم پایەوە دەستپێدەکات، دیمەنی خۆرگیران میوانداری شەوێکە بۆ ڕۆژی ڕووناك دیمەنی خۆرگیران بۆ ئەوەیە هەمیشە چاو دانەخەین بەرامبەر ئەو تیشکانەی (تاریکی) دەمکوت دەکەن لە خۆرگیرانەوە ئەوە فێر دەبین (تاریکی) کاتییە دووبارە ڕووناکی دەردەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی خوازیاربین نابێت دیمەنی گەلا وەریوەکان ئازارمان بدات وێنەکان گوزارشت لە ژیان دەکەن هیوا بوونی هەرگیز نامرێ کاتێك سەرنج دەدەین کتێبەکان لەیەکەم وشە دەستیان پێ کردووە ئەگەر ترسمان نەبێت مەبەستەکانمان هەر دێنە دی، بەفرەکان ڕەنگی زەوی سپی پۆش دەکەن بۆ ئەوەی کەلێنە (تاریك)ـەکان بشارنەوە لە قولایی دەریاکانیشدا هیچ هاوارێك بوونی نییە بۆئەوەیە تێبگەین هەتا قولتربینەوە نرخی بێدەنگی زیادتر بزانین چون لەبەرامبەر هەموشتێك وانەیەك فێرمان دەکات بەژیری بژین، برووسکەکان تا تیشکی خۆر ون نەبێت دەرناکەون لە ونبوونی شتەکان نابێت خەمبار بین لەبەر ئەوەی هەرگیز لەبوونەوەر ون نابن

هەمووشتێك ڕابردوو و داهاتووی هەیە وەکو خۆر ئاوا دەبێت و هەڵدێتەوە لەناوەوە هەمووکات شتەکان دووبارە دەبنەوە ئەگەر کۆتاییەکان لەناوە وە سەرنجیان بدەین شێوازێکی کاتییان هەیە هەمووشتێك لەسنووری هەستەکانمان گومان و ئەگەرن چونکە قوڵبونەوەی ئێمە سنووری هەیە کاتێك قەدەر گلەییەکان ڕەت دەکاتەوە جگە لە گریان هیچمان بۆ نامێنێتەوە.

کە هێزخۆی دەسەپێنێت بەسەر بڕیارەکانمان لە داهاتوودا کێشەمان بۆ درووست دەکات گەورەیی مرۆڤ لە دەستکەوتنی هێز نییە وەك چۆن دەست کەوتنی گەورەییش لە بەهێزی نییە، کاتێك گەورە دەبین جگە لەوە فراوانبوون و گەورە بوونێکی نادیار بوونی هەیە کە خەمەکانمان و بەرپرسیارییەتیشمان گەورە و فراوان دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا خەون بەوە وە جوانە کە بە خۆڕایی دەستمان نەکەوتبێت خەندەیەك بەرهەمی فرمێسك نەبێت ژیان ڕۆشن ناکاتەوە، کە لەیەك کاتدا دەگرین و پێدەکەنین مانای وایە پێکەنینەکەمان هیخۆمان نییە بەڵام هیوایەکی نەخۆش هەیە کە فێرمان دەکات ماڵیی بکەین، لەو کاتەی ژیان و مەرگ لەگەڵ یەکتر ڕێك دەکەون هەرچەندە گەورە و مەزنیش بین جگە لە گەشتیارێکی ڕێ لێ ونبوو هیچیترمان پێ ناگوترێت بەڵام دەبێت بەمانای ئازابوون ئازابین بۆ بڕیاردان لە هەڵبژاردنی ژیان.

بێ هێزی پێوەر نییە بۆ ترس، ترس پێوەر نیە بۆ بێ ورەیی پێوەرێك بوونی نییە بۆ ترس پێویستە چاو نەترسی لە پەپوولەکانەوە فێری بین کە دەبنە قوربانی ڕووناکی بۆ ئەوەی وەکو پەپوولەیەکی بێ هێز بوێربین پێویستە بچینە ناخی ڕووناکی و سڵ نەکەینەوە لە سووتان، ڕاستیەك کە حاشا لێکردنی کارێکی قورسە ئەویش هەموومان ئارەزووی گەڕانەوە بۆ تەمەنی منداڵیمان هەیە تەمەنێك کە هێشتا خەوی ناو سکی دایکی پێوەدیارە بەڵام خۆزگەکان کاتێك خۆشن کە بوار مابێت بۆ دووبارە لەدایکبوونەوە، سەر بووردەیەك کە لە بێئاگاییدا بەسەری دەبەین هەر چرکەیەکە ڕایبردووە، ئێمە ئاشقی گەڕانەوەین بۆمنداڵی لەبەر ئەوەی لە منداڵی خەونەکانمان بەقەد هەنگوین شیرین بوون واماندەزانی ژیان هەر ئەوەیە کە بەخۆشی بەسەری دەبەین واماندەزانی شەپۆلەکانی دەریا هەمیشە هێمنن و نابن بە زریان بەڵام ئەوەی لەکاتی خۆیدا ناخەوێت چۆن لەکاتی خۆیدا بەئاگا دێتەوە، کاتێك دەروونمان زاڵ دەبێت بەسەر ڕاستییەکان شوێنێك نامێنێك لە فراوانی ئەم گەردوونەدا دەروونمان تێربکات ڕوو وەرگێڕان لە سرووشتەکەمانە هەندێکجار وا دەکات هیچ هەستمان نەمێنێت بۆ ئاسوودەیی ئەگینا کاتێك خۆر ئاوا دەبێت مانگ ڕوونتر دەردەکەوێت ئێوارەکان پێمان دەڵێن ڕووناکی بوونی نامرێت بۆ ئەوەی لە(تاریك)ـی بێزار نەبین

پێویستە سەیری ئەستێرەکان بکەین هەندێك هەست هەیە
پێویستە لەگەڵ سرووشت ئاشتی بکەینەوە سرووشت میهرەبانە
جیهانەکەمان هەر ئەو شوێنە (تاریکە)یە کە لێوەی هاتووین
(تاریکی) کاتێك تروسکەیەك جوان دەکات چاوەکانمان نرخی
رووناکی لە پێچەوانەکەیەوە دەبینن ئەگەر وانەبیت پێویست
ناکات چاوەکانمان بکەینەوە و دابخەین ئەگەر چراکەی رێگامان
بەدەستی خۆمانەوە نەبێت سوودی چییە رووناکیەك کە تەنها بە
ناو جیاوازی هەیە لە گەڵ (تاریکی) لەکاتێکدا (تاریك)یش تەنها
بەناو جیاوازی هەیە لەگەڵ سێبەر ئەم ناوە بۆ پێناسەیە
نموونەیە بۆ ئەو شکستە بێ پێناسانەی وامان لێدەکەن نا سوپاس
گوزار بین ناشزانین نهێنی سەرکەوتنن.

هەر چۆنێك بێت ئێمە مرۆڤین بەڵام هەمیشە وابووە لە زمانی
کردەوەکانمان بێتەوە یادمان کە چۆن مرۆڤێکین وە هەندێکجار
هەستی بەرامبەرەکانمان بەس نیە بۆ ئەوەی بخوێندرێینەوە
پێویست دەکات سەیری ئاوێنە بکەین و خۆمان هەستی پێبکەین
وە خۆمان لەگەڵ خۆمان بدوێین، هەندێکجار خەم میوانێکی رۆح
سووك دێتە بەر چاوانمان چونکە کاتێك ناخۆشیمان دێتە رێگا ئەو
هەرە بە (وەفا)یە لە نزیکمانە و وازمان لێ ناهێنێت، بەڵام خەمە
دەمدەمییەکان قورسترن لە خەمە هەمیشەییەکان چونکە رانایەین

لەگەڵیان باشترین ڕێگە کە بیگرینە بەر ئەوەیە بەر لە وشەو خۆزگە بێهیواییەکان و ڕووخێنەرەکان لە فەرهەنگمان دیاریان بکەین، خۆزگە ئەو ئاخەیە کەوا برینی هیوادارێمان دەکولێنێتەوە ژیان وێنەیەك نیە کە نەکێشرێتەوە بەڵام ڕەنگە وەکو وێنەی یەکەمجار کە ون بوو نەیەتەوە بەڵام ڕەنگە جوانتر لەو بکێشنەوە ڕەنگە هەڵەکانی سەر کاغەزی کردەوەکانمان دەرفەتێکیترمان پێبدات ڕەنگە وانەیەکی نوێمان فێربکات زۆر داوای لێبوردن کردن مەرج نیە هەڵەکانمان بسڕێتەوە بەڵکو قەرەبووکردنەوەی هەڵەکانمان باشترین هەڵبژاردەیە، زۆر داوای لێبوردنیش وەکو (لاستیك) وایە هەڵەکانمان دەسڕێتەوە بەڵام نابێت لە یادمان بچێت لەگەڵ هەر هەڵەیەکیش لێیکەم دەبێتەوە.

مردنێك لە پێناو پیری پێویست ناکات چاوەڕێی ئەوەی لێبکەین لە ژیانی ئەم جیهانە باشترمان بۆ تۆڵە بکاتەوە هەمووشتێك لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە یەکەم هەنگاو دەهاوژین و پاداشت و سزاکەی وەردەگرینەوە هیچ شتێك ون نابێت تا لە خەیاڵماندا هەبێت هیوا بڕاوی هەستی مرۆڤ نیە دەبێت وا سەیری بکەین ئەم سرووشتەی بێ هیوایی لە هەسارەیەکی ترەوە گواستراوەتەوە بۆ جیهانەکەمان ئەگەر وەکو ئاسن سەیری بێهیوایی بکەین بەدڵنیاییەوە ژەنگ هەڵدێنێت.

ژیان وێنەیەکی کێشراوە لەکاتێك دەمانەوێت بیکێشینەوە ئەگەر هەمان پێنووس و هەمان کاغەزمان لەدەست بێت وە هەمان وێنەی خەیاڵیشمان لە یادەوەریماندا مابێتەوە، لەوکاتەوە هەڵە زەقەکانی ژیانمان دەستپێدەکات کە هەنگاوەکانمان بە دوامانەوە نایەت هەر بە تەنها مانای ئەوە نیە لە دوێنێ دەژین سەرکەوتن لە هەرکوێ هەبوو ئەوێ بەمانای پێشکەوتن دێت یا لە جێگەی خۆشمان بین ئێمە ئەوکات پێشەنگین، خۆ شەو و ڕۆژەکان بەردەوام گۆڕانیان بەسەر دادێت هەر ڕۆژێك و هەر ساتێك جیایە لەوەی کە دووبارە دێتەوە، خۆ زۆرکاتیش پێشکەوتن مەرجی سەرکەوتن نیە چونکە ئێمە لە ڕابردوومان دڵنیایین کە ڕامان بردووە بەڵام دڵنیا نین لە داهاتوو کە بەکوێ دەگەین کە نەمان بینیوە بۆ ئەوەی بە داهاتوویەکی پڕشنگدار بگەین گرنگە گوزارشتەکانمان جاوازتربێت، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین (بەڕابردوو بوونی داهاتوو) ژیان نامرێت بەڵکو وادەکات زیاتر لە جاران دەرفەتەکانمان بقۆزینەوە وەکو چۆن بە مردنی دادوەرەکان دادپەروەری نامرێت بەڵام بۆ ئەوەی بونی نەمرێت پێویستە پێدابچینەوە چونکە کاتێك ڕابردوو و داهاتوو هاوڕێ دەبن، بۆ ئێستا ناتوانین جڵەوی کاتەکانمان بگرینە دەست.

ژیان بە تەنها ئەو چرکەساتانەن کە هەستیان پێ دەکەین ئەویتر بەشێکی ڕابردووە و بەشێکیشی هێشتا دروست نەبووە هەریەکێکمان پێویستە ژیانە ڕاستەقینەکەی دروست بکات هەر خۆرێك کە هەڵدێ بۆ ئەوەشە خۆر ئاوابوون ببینین هەر خۆر ئاوابوونێکیش بۆ ئەوەشە هەلاتنێکی تری خۆر ببینین، کاتێك دەرفەتی ژیانمان لەدەست دەدەین چ پێویست دەکات بۆ چرکە ساتەکانی دەرفەتە لە کیسچووەکانمان بگرین، ئەگەر لە چاوی نابیناکانیش سەیری جیهانەکەمان بکەین هێشتا هیوا و ورە بەرزی بوونی ماوە چونکە تروسکاییەکان لەناخماندا دەنرخێن نەوەکو لە چاوەکانمان، چاوەکانمان تەنها کاریان ئەوەیە ڕووناکی و سێبەر و ڕەنگەکان لەیەکتر جودابکەنەوە ناتوانن سنوورێك بۆ بەهاکانمان دابنێن.

هەرکاتێك تەنهایی و بێدەنگی خۆی زاڵ دەکات بەسەرمان بێ دەنگیەکان سرووشتێکی دڕندەیان دەبێت لەو ساتانەی چاوەڕوانی وەڵامێکین بێدەنگی بە ئازارترین وەڵامی دەبێت چونکە خۆمان باوەڕ بە گومانەکانی خۆمان دەکەین خۆمان وەڵامی گومانەکانمان بەڕاست دەزانین خۆمان بێهیواییەکانی خۆمان بەڕێنموونیکاری خۆمان دەزانین ڕێگە نادەین قەدەرەکەمان کاری خۆی بکات دەست بە دەمی دەگرین و ناهێڵین چیتر ڕێنموونیمان بکات ئەگەرچی

هەردەکەوێتە قسە لەگەڵمان ڕووناکیش بوونی نەبێت هەر دەمانبینێت کاتێك قەدەرەکەمان ناناسین ئازارمان دەدات بەڵام مەبەستی ئازاردانی ئێمە نیە لەوکاتەدا ژیان وا پێناسە دەکەین کەوا تاڵە بەڵام هەرچۆنێك بێت ژیان شیرینە چونکە خەندەو گریان چرکەکانمان دەگوزەرێنن بەڵام کاتێك سنوورەکان نادیار دەبن هیچ سنوورێك بۆ چاوەڕوانی بەدی ناگرێت ژیان چاوەڕوانیەکی بێکۆتاییە لەبەردەم ویستماندا هاوڕێیەکی ئازیزە جارجار خەمەکانمان فرمان دەدەن بڕوخێین بەڵام ناتوانن تا ئەوکاتەی کەسێك نیە خەمەکانمانی بۆ باس بکەین دان بە بێ هێزی خۆمان دابنێین و بێ هێزی باڵی دەکێشێت بەسەرماندا بەڵام مرۆڤی ئازا کات و شوێن و بارودۆخەکان گرنگ نیە بۆی تەنانەت ئەو بە هێزی دڵ قورسییەکان لێکدەداتەوە بە باوەڕەوە بڕیار دەدات بە چاونەترسیەوە لەچاوی ترسەوە دەڕوانێت.

شێوازەکان دەگۆڕێن خاك و شاخ و دار و بەردەکانیش شێوەیەکی کاتییان هەیە لەم گەردوونەدا (هەموو)شتێك لەسەرەتای شتێکی ترەوە کۆتایی پێ دێت بەڵام چاوەکانمان هەرگیز هەڵگری یادەوەری نین، چاوەکانمان ڕاستگۆیەکی نابینان ڕاستە چاوەکانمان درۆ ناکەن بەڵام هەرگیز ڕاستەقینەو خەیاڵ لەیەك جوداناکەنەوە بۆیە زۆرکات حەزی چاوەکانمان زاڵ دەکەین بەسەر سرووشتی

شـــتەکانی دەوروبـــەرمان و هەنـــدێکجار بڕیـــاری ئازاربـــەخش بەسـەریاندا دەهێنێتـە سـەر زمـان و هەسـتەکانی ترمـان، ئـەگـەر بەچاوی داخراوەوە لەدایك ببووینایە هەرگیزاوهەرگیز هیچ شتێك لـە لامـان ناحـەز نـەدەبوو وە هـەرگیز وێنەیـەکمان نەدەکێشا کـە سرووشت لەسـەرکاغەزێکی سپی بشێوێنین، پێویسـتە هەنـدێکجار یاخی بین لەو شتانەی لەڕێگەی لاسایی کردنەوەوە ئاشنایان بووین پێویسـتە لـەو بەرگـە بـەزۆر مـرۆڤ بوونـە بێینـە دەرەوە و لەگـەڵ بوونـەوەری دەور و بەرماندا بژین پێچەوانەکان لەسـنووری خۆیـدا تـاقی بکەینـەوە نهێنیـەکانی جیاوازیـان بـزانین چـونکە ئـەوەی سـەرئەنجام ئـەوەی لـەم ژیانـە هانمـان دەدات خۆشمـان بوێـت پێچـەوانەکانی شـتەکانە سادەترین نموونـە لـە ژیانمانـدا ئـەوەی وادەکات لەمردن ڕابکەین پێچەوانەکەیەتی کە ناوی ژیانە.

تـام و چـێژ، ئازارمـان پـێ دەناسـێنن شـیرینی تاڵیـەکانمان پـێ دەناسـێنن ڕوونـاکی سـێبەر دەینرخێنێـت خۆشەویسـتی ڕق و گلەییـەکان پێمـان دەناسـێنن، هەرشـتێك لـە چارەنووسـەکەمان دەبێتـە پێشهات بۆمـان بـێ هـۆ نیـە زویربـوونی هەرشـتێك لـە چارەنووسـەکەمان مانـای ناسـاندنی شـتێکیترە پێمانـەوە، ئەگـەر هەندێك لەشتەکان وا وێنا بکەین تازە ڕوو دەدات ژیانی ئێمە سەر لە نوێ خۆی دووبارە دەکاتەوە ئەوەی وا دەکات وڕێنـەکان و ڕسـتە

بەهێزەکان لەیەکتر جودا بکەینەوە ئەوەیە لەکاتی خۆیدا لێکیان بدەینەوە، مرۆڤانی سەرکەوتوو ئەوانەن هەرگیز بۆ سەرخستنی خۆیان کەسانیتر ناخەنە خوارەوە هەرگیز بۆ بەهێزکردنی خۆیان لەگەڵ بێ دەسەڵاتێك هێزو ئازایەتییان تاقی ناکەنەوە چونکە هەمیشە لە سیمای بەرامبەریان ئاوێنەیەك بەدی دەکەن.

لە ژیانی ئەم جیهانەماندا چرکەکان دەڕۆن و ناگەڕێنەوە دووبارە ژیان چرکەیەکی تر بەرهەم دەهێنێت لەدەستپێکەوە هەموو کۆتاییەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان دیارن خەونەکان ئاوێنەیەکن بەجۆرێك لە جۆرەکان داهاتوومان نیشان دەدەن چونکە لە خەیاڵەکانماندا سنوور بوونی نیە هەموو شتێك ئەگەری ڕوودانی هەیە هەمووشتێك ئەگەری گەڕانەوەی هەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان بە شێوازێکیتر لە جیهانێکیتر.

مەحاڵی ئەوکاتە ماناکەی دەبەخشێت کە لەخەیاڵماندا ناتوانین وێنەی سەرکەوتن بکێشین زۆرکات دەڵێین(هیچ شتێك مەحاڵ نیە بۆ سەرکەوتن) پێویستە بشڵێین تەنها سەرکەوتنی مەحاڵ نەبێت، لە جیهانی مردووەکاندا ژیان بەردەوامە چونکە ئەوان ئیدی نامرن لە جیهانی زیندووەکاندا مردن بەردەوامە چونکە زیادتر لەکاتی دیاریکراو ناژین بۆ ئەوەی ژیانێکی هەمیشەییمان هەبێت پێویستە بە دڵی هیوا و بە لێکدانەوەی باوەڕبەخۆبوون و

بەچاوی سڵ نەکردن و بە زمانی ویژدان و بە هێزی ورە بەرزیەوە تا ترۆپکی سەرکەوتن ڕووبەڕووی مەحاڵیەکان ببینەوە بچینە ناخی مەحاڵی و مەزنیەتییان تاقی بکەینەوە، پێویستە سڵکردنەوە لە ڕوو بەڕوونەوەکانمدا بسڕینەوە بە چاوێکی ئاساییەوە سەیری لووتکەکان بکەین هەرشتێك هەستەکانمانی پێگەیشت دەستەکانمانیشی پێ دەگات چونکە کاتێك شەپۆلەکانی دەریاو کەنارەکان بەیەك دەگەن بە تاوی زریاندا بەتووندی وشکانی و ئاو باوەش بەیەك دەگەن لەوکاتەدا لافاو درووست دەبێت دیاردە سرووشتیەکان وێرانکەرنین بەڵکو ئێمە لە نێوانی باوەشی دوو بوونەوەردا ماڵمان بوونیاد دەنێین.

کاتێك قەدەر فرمان دەدات و پێچەوانەی خواستی ئێمەیە ژیان هەرچی بێت ناگات بەوەی کە ئێمە دەمانهەوێت بەڵام ئەگەر بێ دەسەڵاتیمان پێمان نەوێرێت دەتوانین لە بڵێسەی ئاگریشدا سوود وەربگرین هەمیشە هیواکان وەکو ئەو ئەستێرانە وان کە لە شەودا دەبنە ڕێ نیشاندەرمان بەڵام ئەوەی پێویستە ئەوەیە کەوا ئاراستەکانی خۆمانی پێنیشان بکەین، چ پێویست دەکات نەفرەت لە تاڵاوی ژیان بکەین کە دەرفەتێکن بۆ هەستپێکردن لە چێژی ساتە خۆشەکان بەڵام بۆ ئەوەی گونجاوترین ژیان داوا بکەین پێویستە هاوڕێ بین لەگەڵ قەدەری خۆمان هاوڕێیەتییەك کە لە

ماناکەیدا دەبین بە یەك مرۆڤ هەرچەندە لەڕاستیدا منداڵەکان جوانترین هاوڕێتی دەکەن کە دڵ شکان و ئاشت بوونەوە لایان ئاسانە بەڵام زۆرینەی گەورەکان هەڵەیشیان گەورەترە بە ئاسایی توڕە دەبن و بە نائاسایی ئاشت دەبنەوە، مایەی بچووکی نیە ئەگەر لە بچووکەکانەوە فێری گەورەیی بین ئەگەر هاوڕێی ڕاستەقینە بین بۆ ژیان پێویست ناکات چیتر بۆ ژیان بگرین ئەگەر هاوڕێبین لەگەڵ ژیاندا دەبێت تا خاڵی وەستان بڕۆین بێ گوێ دان بە مەرگ چونکە مردن تاڵ نیە ئەگەر ژیانمان نەکەین بە هەنگوین دەبێت یەکێك لە مەرجەکانی هیوابەرزی چاو نەترسی بێت بەشێك لە هۆکاری زۆرینەی شتەکان ئەوەیە خۆمان تێدا بەرپرسیارین ڕێڕەوەکان بەر پرسیار نین کە سەرەنجامیان ناو دۆزەخە شوێن پێی هەنگاوەکانمان ڕێگەکەیان دروست کردوە دڵنیایی هەموو چاوێك نایبینێت پێویستە تەمبەڵییەکانیش لە ناخماندا فڕێ بدەین.

بۆ ئەوەی ئەوەبین کە دەمانەوێت مەرج نیە ئەوە ئەنجام بدەین کە خۆشەویستانمان ڕەچاوی دەکەن چونکە هەموو شتێك لەبەر چاوەکانمان لە یەك ڕەنگ دەچێت مرۆڤەکان تەنها زیندەوەرانێکن کە خۆیان ون دەکەن و خۆیان دەدۆزنەوە بۆیە پێویست ناکات ژیانمان بکەین بە هۆڵی شانۆ چونکە ژیان نازانێت شەو و ڕۆژەکان

چۆن تێپەڕ دەبن بەڵام ئێمەی مرۆڤ ڕۆژ بە دوای ڕۆژ ژیان دەژمێرین زۆرکاتیش هۆشمەندیمان پی جڵەو گیر نابێت لەوێدا خەون بە ژیانێکیتر دەبینین چونکە سرووشتمان وایە لە کامڵبوونیش ویستی تێر نەبوونمان هەیە و تەنانەت ئەو شتانەی کە بەر هیچ یەك لە پێنج هەستەکانمان ناکەون ئێمە ئەویش داوا دەکەین سروشتمان وایە هەندێکجار لە دژایەتیەکی توونددا خۆشەویستیەکی مەزن دەدۆزینەوە هەندێکجاریش لە خۆشەویستیەکی بێ سنوردا ڕقێکی چڕمان بۆ درووست دەبێت ئێمە مرۆڤین دڵ لای مرۆڤایەتی مانایەکی جیاوازی هەیە کە مرۆڤبوون دەسەلمێنێت بەڵام زۆرجار بە پێچەوانەی هەموو ڕێساکان دڵمان تا نەرمتربێت زوتر دەشکێت چونکە سرووشتمان ڕەت کردووەتەوە تەنها و تەنها لەبەر ئەوەی ڕێگەی خراپبوون ئاسانترە و باجی پێشوەختەی ناوێت وە یاخود ئەو هەستە ئازارمان دەدات کە بە پێی تێپەڕبوونی زەمەن بۆمان دەردەکەوێت، لە سەردەمێکدا باشبوون ئازارێکی زۆری هەبێت سەردەمەکە بەشێوەیەك دەگۆڕێ جاران ماسك بۆ خۆ شاردنەوە بووبت بەڵام لەمە بەدوا بۆ خۆپیشاندانە.

ئێمە کە بۆ تەنهاییەك دەگرین کە لە بێزاری ناکات مانای ئەوە نیە چارەنووسمان بێزارمانی کردووە و ئازارمان دەدات زۆرجار

ئێمە چارەنووسمان بێزار دەکەین کە هەموو شتێك دەخەینە ئەستۆی ئەو، هەندێك کات چارەنووس لە سەختترین بارودۆخدا بەجێمان دەهێڵێت و ئاوڕێکیش ناداتەوە بۆ ئەوەیە کەوا بەدوای نەکەوین و بڕوای تەواومان بەخۆمانەوە هەبێت بڕوامان بەو هەستە هەبێت کە هیوا و دوور ڕوانینە چەندە بە ئازارە ئەوکاتەی هەموو هەوڵێکمان بۆ بەردەوامبوونمانە لە ژیان ئەوە لێك دەدەینەوە زیادتر بژین بەڵام چۆنیەتی ژیان لێکنادەینەوە و ڕەچاوی جگە لە خۆمانین بۆ بەخشینی ژیانێکیتر، سات گەلێك هەیە بۆ خۆمان دەدوێین و بێزاری لە بەرکەوتەکەمان دەردەبڕین بەڵام درك بەوە ناکەین ژیان چ مانایەکی هەیە ئەگەر بهێڵدرێت پێش چارەنووس بکەوین دەزانین چەندە دەوڵەمەندین لەوەی پێمان بەخشدراوە و چەندە ئاسوودەین لەوەی پێمان نەبەخشراوە، پێویستە بگەین بەو ڕاستییە بۆ دەبێت خۆمان بە ئاسوودە نەزانین پێویست ناکات تەمەنێك بەدوای ئاسوودەییدا بگەڕێین کە ئاسوودەیی لە ڕازی بوونمان دایە، بەدی هێنانی خەونێك زۆر ئاسانە بەو مەرجەی لەناو خەونەکانماندا خەونیتر نەبینین ئێمە لە (تاریکی)دا خەونی ڕوون دەبینین ئەوە مانای ئەوەیە خەوتن و چاو نووقاندن و بێ ئاگایی ناتوانێت جوانیەکانمان لێ بشارێتەوە تەنها لە جیهانی خەونەکاندا سرووشت دەبینین.

کە ناتوانین ڕاستگۆیانە بگرین مانای ئەوە نیە ژیانمان هەمووی پڕاو پڕە لە خەندە و پێکەنین بەڵکو کاتەکانی خەندەو پێکەنینمان لێ ئاڵۆزبووە لە هەندێك باردا وەکو مرۆڤی دەستکرد واین ژیان بە زۆرە ملێ تێدەگەین نەوەکو ئەرك هەر ئەوە دەڵێینەوە کە دەبیستین و دەبینین مرۆڤێکی بێ بەرهەممان لێ دەردەچێت لەم سەردەمە تەواو شەرمەزارییەدا مشەخۆرانێکمان لێوە درووست دەبێت کە لاف لێدان بە بەخششەکانیان و شانازییە ناڕەواکان بە ماف دەزانن چونکە پەروەردەی دەستی بێهیواییینەو بەخت و بەخشش لەیەك جوداناکەنەوە.

وریابوونێك کە زۆر سوودمەندمان دەکات ئەوەیە کەوا هیواو باوەڕبوون پێی بەس نییە چاوەڕێکردن بەدیار میلی کاتژمێر و ئاوابوون و هەڵهاتنی خۆر کات بەفیڕۆدانە ئەگەر دەسەڵاتی هەوڵ و بڕیار و کردارمان هەبێت بۆی، ئەگەرچی سەختە بەڵام ئەوەی هیوامان دەهێنێتەوەیاد بێ دەسەڵاتییە، بەڵام ئەمە مانای دەست بەتاڵی نیە مانای هەڵکێشانی هەناسەی بێ هێزی و شکست خواردن نیە بەڵکو ئەمە دەرفەتێکیترە قەدەرەکەمان وەکو مرۆڤەکانی دەورو بەرمان نیە هەرگیز نامان ڕوخێنێت وە ئەگەر بە رووخاویش بینیمانی پێمان دەڵێت "ڕووخانت بۆ ئەوەیە سەر لەنوێ بوونیاد بێیتەوە".

ژیان و چارەنووس تاوانیان نیە دەستی ئێمەی مرۆڤی تێدایە کە ژیان و چارەنووسمان ئالۆ گۆڕ دەکەین، تەنانەت لەو ساتانەی نازانین ئەو دڵتەنگیەمان باجی کامە خۆشیمانە کاتێك فرمێسك قەتیس دەمێنێت لە چاوانمان پێویستە ئەوە بزانین دیسان خەمەکانمان ناتوانن وا بە ئاسانی دەستبەردارمان بن بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە پێویست ناکات دڵسۆزیەك فریومان بدات کە تەنها بۆ کولانەوەی برینەکانمان دڵسۆزیمان بۆ دەنوێنێت، مرۆڤەکان بەگشتی پێداگرن لەو خەیاڵکردنانەی کەوا بەزۆر دەیانەوێت ببن بەڕاستەقینە هەندێکجار ئێمە هیواکانیشمان دەخەڵەتێنین و خۆشمان فریو دەدەین کەڵکی خراپیش لەکات وەردەگرین چونکە وشەکانمان بە چەندەها هەنگاو لەپێشترن لە کردارەکانمان بۆیە لەو کاتەدا هەر لە دونیای خەیاڵدا بە هیوای خەونێکی خۆشەوە دەخەوین و بەخەونی هیوایەکەوە بە ئاگادێین ئەگەر ئێمە بە چاوی کراوە وە خەون نەبینین هەرگیز ناتوانین هیچ خەونێکمان بکەین بە ڕاستی، کە ئێمە لە پێناو ئامانجێکمانەوە ژیان بکەین نابێت پەشیمان بینەوە لە مەرگمان تەنانەت ئەگەر لەدەستکەوتێکی بەتاڵیش بگەین بە ئاکام بەڵام خۆمانای ئەوە نیە لە پێناو لەدایکبوونی مرۆڤێکی ترەوە مردووین کاتێك بێ دەسەڵاتی دەسەوسانمان دەکات فرمێسکەکانمان

هەرچەند بڕژێن شتێك لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت تەنها ئەوە نەبێت دڵمان بەکاری خۆی هەڵدەستێت ئەوانەی ئێمە بە (شێت) ناویان دەبەین ژیان وەك پردێکی پڕمەترسی بەکاردەهێنن بۆ پەڕینەوە هەرگیز سەیری سەروو و خوارووی خۆیان ناکەن و هەرگیز ئاوڕی دواوە نادەنەوە هەریەکەیان شێوازێکی تایبەتیان هەیە بەڵام هەموویان یەك ڕێگایان هەیە کاتێك بۆ پێشەوە هەنگاو دەنێن، ئەوەی ئاوڕی سەرەوە و خوارەوەی خۆی بداتەوە لاڕێ دەبێتو لەم جۆرە (شێت)ـیە دەردەچێت، وەکو زۆرینەی مرۆڤەکانی لێ دێت هەست بەدەستکەوتنی زۆر شت دەکەن بەڵام هەندێك کات لە ژیاندا لەدەستدان بەخششێکی زۆر گەورەترە چونکە زۆرکات هەندێك دەستکەوت هەیە خۆمانی پێ لە دەست دەدەین، ئێمە بەچاو شتەکان دەنرخێنین چاوەکانمان نازانن ڕاستی بشارنەوە بەڵام کاتێك دەکەونە داوی دەروونمانەوە ناچار دەبن پەردەی سەر نمایشکردنەکە دابخەن و بچنەوە ڕۆڵێکی نادیارەوە، ئەوەی کێشەمان بۆ درووست دەکات ئەوەیە هەمووکات دژەکان ڕەت دەکەینەوە بونیان لەسەر نەخشەی ئەندێشەکانمان دەسڕینەوە بۆیە کاتێك نازانین هەڵەکانمان سوودیان لەکوێوەیە ناتوانین سەرچاوەی خۆشیەکانمان ببینین چ پێویست دەکات بۆ ئەوەی ئاسوودەیی لەدەست نەدەین تا لووتکە داوای ژیان بکەین

سڵ کردن لە مردن چ پێویستیە کە پڕاو پڕ لەکاتی خۆی بۆمان دێت وە نایشی بینین زەمەنێك بەدەست مردنەوە ڕادەکەین کەچی ئەویش بەدوامان نەکەوتووە وەکاتێك دەمانگرێت ئێمەش نەوەستاوین مردنی ئێمە لەوە وە دەستپێدەکات کە دەژین و ئەوانەی مردووەکان پێی ڕانەگەیشتوون ئێمە بەدەستیان ناهێنین وە تەمەنمان بەسەر دەچێت و هێشتا سوودێك بۆ دوای خۆمان جێ ناهێڵین چونکە هەموومان ئەگەر ئەو گەوهەرەی لەناوەوە هەمانە بیخەینە گەڕ دەتوانین هەریەکەمان جیهان سەرسام بکەین بەو مەرجەی بیکەین بە پیشەی خۆمان و بێ بەرامبەر کاری بۆبکەین چونکە هەر هیوایەك ئەگەر نەمانتوانی بیکەین بەپیشە هەرگیز سەرکەوتوونابین تێیدا زۆر گرنگە وریای ئەوە بین زۆرجار ستایشەکانی خەڵکی فێڵێکی گەورە لە سرووشتمان دەکەن پێویستە وەکو ڕێزێك گوێ بدەین بە ستایشەکان نەك وەکو پێناسەی خۆمان تاوەکو هێزی گەوهەرە شاراوەکەمان بچووك نەکاتەوە.

ئەگەر دەورو بەرمان سەرنج بدەین بەرزترو نزمتر دەبینین هەمووومان لەخودماندا تێڕوانینی لاوازمان هەیە کاتێك ڕووناکی ئازارمان دەدات مانای ئەوە نیە(تاریکی) گونجاوترە بۆمان بەڵکو پێویستە (تاریکی)یەکان لەچاوانمان دەربکەین.

بەرزەفڕی چ سوودی هەیە کە حەسانەوە هەر لە نیشتنەوەمان بێت ژیانێك لەم جیهانەدا کە هەمیشە لە چرکەیەکدا سەدان مرۆڤ بۆی لەدایك دەبێت و لەپێناویدا دەمرێت شیاوی ئەوەی نیە شت گەلێکمان لەیاد بباتەوە، کاتێك ناچاری ڕێ نیشاندەرمانە دەبێت بە ویستی ژیان هەڵبکەین، ئەو بەڵایانەش پێویست ناکات وا وەسفیان بکەین لەکاتێکدا ژیانی هەریەکێکمان قەدەرەکەمانە بۆ هەر کوێیەك بڕۆین دانابڕێت، کاتێك گریانەکانمان لە پێناو بەردەوامی خەندەکانمانە بەسەختی خۆ ویستێکی سەرکێش دەبین بەڵام کاتێك بەدەم فرمێسکەکانەوە پێدەکەنین زۆر ئازایانە ڕوو بەڕووی خەمەکانمان دەبینەوە ئەوەی ترس درووست دەکات ترسێکی ترەو شەرمە ناوەخەتیەکانن، ئەگەر ترس وێنە نەکەین هەرگیز ڕەنگ ناداتەوە لە بەرچاوانمان چوونمان بۆ ئەو دیوی سنووری ترس ئەو پەڕی بەتواناییە هیچ وانەیەك لەسەرچاوەی ژیانەوە فێرنابین ئەگەر ڕوو بەڕووی مەرگ نەبینەوە هەندێکجار پێویست ناکات تێبینی ترس بکەین لەوکاتەدا خۆڕاگریمان دەبێتە هەڵەیەك دوورمان دەخاتەوە لە چوونە بازنەی ترسەوە چونکە هەندێك لە شێوە و ڕووخسارەکان هەرگیز هەلگری گوزارشتی ناخی خۆیان نین تەنها ئاوێنەیەکن بە پێچەوانەوە ڕاست و چەپ هەڵدەگەڕێننەوە.

لەکاتێك ناتوانین چرکەیەکیش ڕاگیر بکەین هەموو ژیان دەبێت بەسەربوردەو نابینە خاوەنی تەنها یەك چرکەش، خولانەوەی میلی کاتژمێر تەمەنی ئێمە دەژمێرێت بەڵام زۆرجار چاوەکانمان فیڵمان لێ دەکەن پێویست ناکات لە دیدی نزماییەکانی ژیانەوە وانەکان بخوێنینەوە کە هەموو بەرزاییەکان لە ناو نزماییەکانەوە بەرزن بەرزتریش لەناو نزمترینیانە هەندێك هەست هەن پێویستە بێ گوێ پێدان بەوەی کێ و چۆن پێمان دەدەن بۆچەند ساتێك بیان وەستێنین ئەو ژیانەی تەنها بەخەندەوە بەڕێی دەکەین بۆ ئەم جیهانە درووست نیە چونکە ئێرە هۆڵی تاقیکردنەوەیە ئەو ژیانەی کە تەنها بە خەندەوە بەڕێی دەکەین تەنها خەوێکە بێ خەو زڕان، چرکەو ساڵ و تەمەن کاتێك بەخێرایی تێپەڕدەبن وە ناتوانین ڕاگیریان بکەین ژیان چەند بچووکە چەندە کورتە مرۆڤ تەنها بوونێکە جیاوازتر لەوانیتر لەم ژیانە تێی ڕا دەمێنێت هیزری هەیە بەڵام لەبەرامبەریشدا تەماحی هەیە ئەوە گەورەترین کێشەی مرۆڤایەتییە.

ئێمە مرۆڤین بەڵام جگە لە مرۆڤێکیتر نیە بیبینین و خۆمان بەراوردبکەین لەگەڵیدا تەنها لە ڕووی یەکترەوە کەسێك دەبینین کەوا بەهەمان ناوی خۆمان بانگی دەکەین بۆیە هەمووومان هەلی خۆشەویستی یەکترمان هەیە، ڕەنگە هەمووومان نەزانین بۆچی

دژایەتی یەکتر دەکەین لەوانەیە لەوساتانەدا ئەو ئاوێنەیەی کە هەریەکەمان بەچاوی ویژدانەوە لە ڕووخساری ئەویتر دەبینێت ڕەنگە ڕووناکی خۆشەویستی لێ ون بووبێ و (تاریکی) دژایەتی دووبارە زاڵ کردبێت بەسە ڕووناکیەکانمان بەڵام (تاریکی) ئەگەر بەو شێوازە بەلاڕێی نەبەین نابێت پێناسەکەمان لەیاد بچێت (تاریکی) جگە لە سێبەرێك هیچ شتێکیتر نیە.

کاتێك ئێوارە دادێت ژیان بە زمانی حاڵ پێمان دەڵێت من دەڕۆم جارێکیتر نامبیننەوە ژیان چەندە خۆشە لەو سات ئەوە لێکبدەینەوە پووختتر ئێوارەیەکیتر بقۆزینەوە ڕەنگەکانی دەور و بەرمان تەنها ئامرازێکن کەوا دەهێننەوە یادمان چاوەکانمان هەموو شتەکان وەك یەك نابینێت خووگرتن بە ژیانەوە ڕەشترین بەرگری ڕووناکی یە چونکە سێبەرەکان هەلگری هیچ ڕەنگێك نین بۆیە لە سێبەرێکی تەواو چڕدا چاوەکانمان هیچ ڕۆڵێکیان نامێنێت ئەگەر ڕۆژگار بە هەمەڕەنگیەوە بەڕێ نەکەین پێویست ناکات لەبەردەم تیشکی خۆردا چاوەکانمان لە بێ هێزیدا دابخەین ئەگەر چاوەکانمان وەك دڵمان سەیری جیهانەکەمانی بکردبوایە زۆر زیادتر لە ئەویندارێك شەیدای ژیان دەبووین، ئێمە پێویستە بزانین لەهەر هەنگاوێکدا بە پێی شوێنی مەبەستەکەمان هەنگاوەکانمان لا گرنگ بێت چونکە ئەوەی لە ناوەختدا دەکەوێت ناتوانێت لەکاتی خۆیدا هەڵبسێتەوە.

گریان گرنگ نیە ئازار گرنگ نیە بێزار بوون گرنگ نیە پوخت بوون گرنگترین خەسڵەتە کە هەموو ئەو لێکدانەوانە درووستیان کردووە کە دەیانەوێت بێهیوامان بکەن و ڕادەستیان نابین و بۆ چەند ساتێك بە بوێریەوە سەرنج دەدەین.
ژیان لەهەندێك بارودۆخدا کە (هەبوونمان دەخاتە ئەگەرەوە) و لە لەدایکبوونمان پەشیمانمان دەکاتەوە ئەوکاتە وەکو جەنگ وایە ژیان لە گۆڕەپانی جەنگێکدا زۆر شیاوترە گیانمانی تێدا بەفیدابکەین نەوەکو لە سەربەستییەکدا بژین کە لەپێناو خۆ ویستیمانەوەیە، هەر کاتێك تورەبوون زاڵ دەبێت بەسەر خۆڕاگریمان مانای وایە پەروەردەی دەستی جەنگین سەرکەوتن لەجەنگدا چ سوودێکی هەیە ئەگەر وا هەست نەکەین دووبارە لە دایکبووینەوە خۆبەخشین لە جەنگدا چ وانەیەك دەبەخشێت ئەگەر بڕوامان بە نەمری هیواکانمان نەبێت، لە کاتێك دەبینین میلی ساتەخۆشەکانی ژیان خێرا تێپەڕدەبن مانای وایە ئارەزوومان فێڵی لێمان کردووە، چونکە کاتێك ناچاری بە بێ ویستی خۆی تاڵبیەکانمان لە لا گرنگ و پێویست دەکات ئیدی ژیان دەخرێتە ئەستۆمانەوە ئەوەی بۆ ژیان دەژییێت نابێت داواکانی ژیان ڕەت بکاتەوە، ژیان بەر هیچ کام لە هەستەکانمان ناکەوێت بەڵام لەهەمووشتێك زیادتر (هەست)ی پێدەکەین لەوەوە دەتوانین

ئەوە فێربین شتە بەهادارەکان مەرج نیە ئەوەبن کە هەستمان بۆی هەیە ڕەنگە ئەوە بێت کە ڕۆحمان هەستی پێ دەکات هەروەکو چۆن دەشخەوین ژیان هەر بەردەوامە، مرۆڤ لەم بوونەوەرەدا سەربەستە لەناو زیندانێك کە جیهانەکەیەتی ئەگەر باوەڕی بە ڕاهاتن هەبێت، وە زیندانە ئەو سەربەستیەی کە لەگەڵی ڕانایەت، زۆر هەڵەیە کاتێك (تاریکی)مان تەنها لەبەر درەوشانەوەی چراکەی دەستی خۆمان خۆش دەوێت لەکاتێکدا چراکەمان بۆ ئەوەیە لە گەورەیی ئەودا کەم بکاتەوە.

جیهان جوانە کە لەناخیدا دەژین بەڵام پێویست ناکات وەك شاعیرە جوان پەرستەکان هەموو شتێك بە جوان ببینین شتانێك لە سرووشتدا هەن کە پوختن بەڵام شێوەیان جوان نییە ڕەوایەتی دان بەجوانی مانای ئەوە نیە ڕەوایەتی دانە بە ڕاستەقینەی شتەکان، هەندێکجار پێویستە وەکو ڕەخنەگر سەرنجی ژیان بدەین و بڕوامان بەوە هەبێت ئەگەر هیچ شتێك مەحاڵ نەبێت ئەوە هیچ شتێکیش تەواو کامڵ نیە.

ئەوکاتەی وا هەست دەکەین ژیان دووبارەیە واتە هیچ شتێکمان پێ نیە جودابێت لە ڕابردوو، گرنگە ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان چەندە ناخۆشە لە دوای بینینی خەونێکی خۆش بە ئاگا دێینەوە هەموو شتێك وەکو خۆی لێ دێتەوە ناخۆشتر ئەوەیە لە ژیاندا

خەونمان هەبێت و هیوامان نەبێت کە لەڕاستیدا خەونی هیواکان و خەونی ناو خەوەکانمان یەك جیاوازیان هەیە خەون لە خەودا هەتا بخەوی بۆی خۆشترە بەڵام لە ژیاندا ئەگەر خەونێکمان هەبوو هەتا بە ئاگابین بۆی باشترە، گەلێکجار بێ ئاگاین لەوەی ئێمە خۆمان (تاریکی)یەکانمان درووست کردووە چونکە چراکەی دەستمان بەدەستی خۆمانەوە نایگرین لە ژوورێکی (تاریك)دا (ڕەشبینی) هەستێکی ئاساییە ئاسوودەبوون بە ناڕاستی دەست ناکەوێت، ئەو چاوەی کە هەرگیز درۆ ناکات هیچ کات پێویست ناکات لە پێناو پێداگریماندا درۆی لەگەڵ بکەین، بەڵام دەستبەرداربوون لە هیواکانمان دەستبەتاڵترین سەرمایەدارییە بۆ مرۆڤ، ژیان زۆرکات بە شێوەیەك ئازاردەرە کە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی بڵێین هیوابوون زیادەڕەویە بەڵام ئەوەی هەمیشە هاوسەنگمان دەکاتەوە ئەوەیە کە پێویستە بەقەد هەر دڵۆپێك بۆ فرمێسکی هیواکانمان دڵۆپێك ئارەقی ماندوبوون بۆ بەدی هێنانی هیواکانمان بڕێژین.

هەندێککات دڵمان زاڵ دەبێت بەسەر ئەندامەکانیتری جەستەمان بارودۆخمان ڕەنگە بەجۆرێك فرمان بکات لەوانەیە بگات بەو رادەیە ئەوەی بە ئەنقەستیش ئازارمان دەدات هۆگری بین ئەگەر لایەنی بەرامبەر بەڵێن شکێنیش بکات نەتوانین هەمان کاری خۆی

لەگەڵدا بکەینەوە ڕەنگە خەمەکانی دەوروبەرمان خۆش بوێت ڕەنگە لە فرمێسکە ڕاشکاوەکانمان زیادتر چێژ وەربگرین و لە هەندێك پێکەنیندا ماسکەکەمان ئازارێکی زۆرمان بدات بەڵام کە لەسەر پاکی ئاراستەمان گرتووە لە تیرێکی ڕێ لێ ونبوو ناچین.

ژیان زۆر کات خۆی خۆی گوزارشت دەکات، زۆرکات بەزمانی بێدەنگی پێمان دەڵێت ڕامەگە لەدەستم من بەدوات نەکەوتووم بەجێ مەمێنە چونکە لەسەرت ناوەستم، ئەمە ئێمە فێردەکات مەرج نیە هەموو ئەوانەی بێ دەنگن بڕیاریان نیە بڕیاردان سەرەتا لە دەر نەبڕیندا یەکلایی دەبێتەوە، ئەوکاتەی چارەنووسی ژیانمان ئەوەندە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی خەونەکانمان ڕێ دەکات کە خەریکە ون دەبین لە قەرەباڵغی ئەم جیهانە فراوانەدا، ئەوکاتەیش خەریك دەبێت نەناس دەبین و کەس نامان ناسێت دەبێت وریابین ئەوکاتە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی ئێمە زۆر کەس بناسین.

ژیان بریتییە لە هەڵکشانێك و داکشانێك لەم نێوەندەدا زۆرێکمان هەست بە فراوانی و بە تەنگی دەکەین بەڵام ئەگەر ڕابێین لەو بەرکەوتەی بەرمان کەوتووە ژیان هیچ کات نە داکشانی هەیە نە هەڵکشان هەرچۆنێك بێت ئەو هەمیشە بەردەوامەو ڕاهاتنیش لە گەورەترین بەخششەکانی خودایە.

ڕۆژەکان و کاتەکان و بارودۆخەکان بەسەر دەچن هەمووشتێك ڕەنگە کۆتایی پێ بێت ڕەنگە زۆرشت سەر لەنوێ دەستپێبکات زۆر شت بەدەست بهێنین و زۆر شت لە دەست بدەین وە زۆرێك لە ژیانماندا بێن و بڕۆن بەڵام مرۆڤە باشەکان هەمیشە بەدەستی خاڵیەوە دۆستەکانیان بەجێناهێڵن، سەرکەوتن مافی ئەوانەیە کە هیوایەکی بچووك پەروەردە دەکەن پێشکەوتنی سەردەم هەرگیز ناتوانێت گەرەنتی هیوایەکمان پێشکەش بکات چونکە کاتێك پێشکەوتنەکانی ئەم جیهانە چڕتر دەبێتەوە لە سرووشتی خۆیەوە لا دەدات تەمبەڵمان دەکات و دەمانکات بە مرۆڤێکی دەستکرد و خاوەنی کەسیەتی خۆمان نابین و خاوەنی بڕیاری ڕاستەقینەی خۆمان نابین.

ژیان بێدەنگیەکی پڕ لە دانایی یە، چونکە ژیان کاتێك بەزمانی دیمەنەکان دەدوێت هەموشتێك پیشان دەدات چاوەکانمان درۆ ناکەن بەڵام زۆر کات ئارەزووی ئەوە دەکەن درۆ ببینن، لەو کاتەی دیمەنێك لە دیمەنەکانی ژیان ناهێڵێت چاومان دابخەین هەر هەستیان پێدەکەین ئەگەر چی ڕۆژانێك بەسەر مرۆڤایەتیدا دەگوزەرێت ڕێگاکان هەمان ڕێگان و فرمێسکەکانیش بە ڕووکەش زۆر لە یەکتر دەچن بەڵام لەم ڕۆژگارەدا بێ هاوڕێ ڕێ دەکەین و بۆ خوودی خۆمان دەگرین.

خودپەرستی هەرگیز بەمانای بەرژەوەندی بۆ خۆمان نایەت چونکە بەهۆیەوە زۆر لە نەیارەکانمان ئاشنا دەکەینەوە، خۆ خۆشویستن چ سوودێکی دەبێت لەکاتێکدا کۆمەڵێك ڕق زیندوو دەکاتەوە.

ژیان واتە ماندوو بوون بەدەم ئەو ڕۆڵەی تێیدا دەگێڕین بەڵام ڕۆڵێك کە تەنها ڕاهێنانە دەبێت فێربین شانۆی ژیان بۆ ئەوەنییە ئامادەبووان سەرسام بکەین پێویستە زۆر جیاوازبین و زیادتر لە شانۆگەری شانۆگەرتر بین و ڕاستەقینەیی بە ڕۆڵەکەمان بدەین پێویستە ئامادەبووان ڕۆڵەکانمان بکەن بە ئەزموونێك کە چاوەکانیشیان داخست ڕۆڵەکانمان ببینن چونکە مرۆڤ دەگرێت چاوی دابخات بەڵام ناگرێت حاشا لە ڕووناکی بکات.

ژیان زۆر سەمەرە ترە لەوەی بۆمان دانراوە لێکی بدەینەوە هەرچەند لێکی بدەینەوە هەر لە بازنەی ژیاندا دەتوانین پێوەری بکەین بە لێکدانەوەکانمان نەوەکو زیادتر، لەکاتێکدا ئاسوودەبوون هەر وەکو (تاریکی) خەریك دەبێت تەنها ناوی بمێنێت و خەسڵەتەکانی بوونی نەبێت ئەوکاتەیە ئێمە هەریەکێکمان بە یاسایەکی تایبەت بە خۆمان ژیان دەکەین، ئێمە زۆر سەیرین لە ڕوانگەی سرووشتەوە، لێکدانەوەکانمان یاسا دەستکردەکان دادەڕێژێت و هەر هەمان یاساش لە جێگەی لێکدانەوەکانماندا

دەمڕاستمانە ئێمە نازانین ژیان وەستانە بێ ئەوەی هێور بینەوە کەوتنە ڕێ یە بێ ئەوەی کۆسپێکمان بێتە ڕێ چاو داخستنێکە بێ ئەوەی لەم گەشتەدا شەومان بەسەر بێت چونکە بەرە بەیانی ژیان خۆرئاوابوونی نیە بەڵکو ئێمە خۆمان ئاوادەبین.

ژیان بەردەوامبوونە لاسایی کردنەوەیەکی زۆر جوانە کە ئێمە بەردەوامبین لەسەر ئەو چارەنووسەی بەرکەوتمانە پێویست ناکات هەمووکات واز هێنان بە چارەسەر بزانین زۆرکات وازهێنان ڕاگردنە لە چارەسەرکردن، دەبێت هەمیشە متمانەمان هەبێت بەرامبەر بەهێزی خۆمان و بڕوامان هەبێت بە ئەزموونەکانمان و دان بنێین بە پێشهاتەکانمان جارجار دەگوترێت ژیان بێ بەهایە بەڵام ئەمە دژوارترین تێبینیە دەرحەق بەژیان مرۆڤە بەددەکان دەیڵێن تا وەکو بەم شێوەیە ئاستەنگەکانی ژیانیان لە یادی خۆیان ببنەوە، ڕاستییەك کە هەمیشە هیوامان پێ دەبەخشێت ئەوەیە هەموو کاتەکان لەیەك ناچن هەر بۆیە جیاواز شتەکان ڕوو دەدەن ژیان وەکو هۆڵی تاقیکرنەوە وایە هەرگیز نابێت کاغەزی تاقیکردنەوەکانمان بەسپییەتی بدەینەوە، قورسایی بەشێکی ژیانمان جۆرێکە لەم تاقیکردنەوانە.

بۆچی ئێمە بێهیوابین پێویستە لەو پەڕی دڵتەنگیشدا ژیان بەتاقیکردنەوە بزانین و وەڵامی خۆمان بدەینەوە بێ ئەوەی خەیاڵاوی بین بەدەم کاغەزە سپییەکەی بەردەممان پێویستە پێبکەنین بەدەم هەڵبژاردنەکانەوە بەڵام ئەوەی گرینگە لەیادی نەکەین ئەوەیە لەگەڵ ژیان پێبکەنین نەك بە ژیان پێبکەنین.

ژیان لەخەوێکی زۆر قوڵ دەچێت کاتێك بە ئاگا دێینەوە و سەرنج دەدەین ڕاکشاوین، هەندێکجار پێویستە ئەگەر لەو پەڕی سەرقاڵی و بێ کاتیشدا بین کەمێك لەکاتی خۆمان بگرین و بۆ چەند چرکەیەك بە ئاگا بێینەوە و جیاوازتر سەرنج بدەینە بنەماکانی سرووشت و ژیانمان، ئێمە زۆرکات لە داهاتوودواینەو بۆ داهاتوو ڕادەکەین، لە لووتکە داینەو هێشتا زیادتر هەنگاو دەنێین، تەنانەت لەسەرە مەرگیشداینەو هێشتا چارە سەر دەخۆین، (هیوابوونی بەزۆرەملێ) ناشرینکردنی هیواکانمانە، ئەم نەست و بێ ئاگاییە بەرهەمی ئەو گەردوونە دەستکردمانە کەوا هەریەکەمان بە دیوی دووەمی سەربەستی و موڵکداریەتی سروشت بە موڵکی هەتاهەتاییمان دەزانین ئەگەرچی وەکو دەرمان پێویستە هەندێکجار گوێ لە خۆمان بگرین چونکە ڕەنگە باشترین بێژەرو بیسەر لە خودی خۆمان بێت ئەگەرچی پێویستە سەرنجی وشەکانمان بدەین کاتێك بەگوێی خۆماندا دەیچرپێنین کە هەرگیز

کەسێ نایبیستێت بەڵام ڕەنگە وشەیەك کە نابیسرێت کتێبێکی لێوە درووست بێت بەڵام ئەگەر بۆ چەند ساتێك لەکاتی خۆمان نەگرین و جیاوازتر لێکنەدەینەوە لەوەی کە هەمیشە وا لێکمان داوەتەوە هەریەکەمان بەجۆرێك جیهانگیری دەکەین.
ژیان بۆ ئەوەیە بمانمرێنێت، لەکاتێك ناوەکان بەتەواوی گوزارشت لە ناوەڕۆکیان ناکەن لەڕاستیدا زیادەڕەوی لە وشەدا کراوە ژیان هەرگیز پێناسەکەی خۆی لەدەستنادات وە لەکاتێك گەردوونە دەستکردە خەیاڵییەکەمان دەستدەکات بە جێبەجێکردنی یاسا تیرۆوانینە کورتەکانی خۆی هاوکات لە بەرامبەر هەموو شتێکدا هەستی دژایەتی درووست دەکات لەهەر شوێنێك گوڵێك ببینێت دڕکو پایز بە دوژمنی سەرسەختی ئەو دەزانێت بەڵام بۆچی پایز دوژمنی گەڵاو گوڵەکان بێت بەڵکو گەڵاو گوڵەکان خۆیان لاوازن وە بۆچی کاری دڕکەکان بە پێچەوانەی گوڵەکان ببینین لەکاتێك دەست دەبەین بۆ لێکردنەوەی گوڵێك بەردەستمان دەکەون پێویستە بەرەنگاری بنەماکانی ئەو ژیانەمان ببینەوە کە خۆمان درووستمان کردووە بۆخۆمان ئەو هەستو سۆزانەی کەوا وەکو هاوڕێی تەنگانە خۆیان نمایش دەکەن پێویست ناکات بەدڵسۆزیان بزانین چونکە دڵسۆزی ڕاستەقیە برینەکانمان ناکولێنێتەوە.

ژیان تێپەڕاندن نیە ژیان ڕێکردنە لەگەڵ چارەنووسەکەمان تامی ژیان لەوە دانیە بە ڕەقی قوتی بدەین بەڵکو لەوە دایە بەقەد ئەوەی پێویستە لەدەممان بیهێڵینەوە و نەرمی بکەینەوە ئینجا چێژ لە ژیان وەردەگرین ئێمەی مرۆڤ کاتێك سەر پشك دەکرێین هەمیشە لایەنی حەزو ئارەزومان بڕیارمان بۆ دەدات بۆ ئەوەی کامەیان هەڵبژێرین چونکە هەڵبژاردنی خراپە لەکۆتاییەکەی ماندوومان دەکات و هەڵبژاردنی شتە باشەکانیش لەسەرەتاوە ماندوومان دەکات مرۆڤی ژیر ئەوەیە کە هەرگیز بەر لە ماندوو بوون حەسانەوە هەڵنابژێرێت لەکاتێك چێژی حەسانەوە لەوەیە ماندوو بین وە ئازاری ماندوبوون لەوە دایە لە ناوەختدا بەر لە ماندوبوون حەسانەوە هەڵبژێرین، ئێمە زۆرکات وشەکانمان خۆشمان دەخەڵەتێنێت وا پیشانمان دەدەن لاسایی ناخی دەربڕینمان دەکەنەوە وشەیەك خالی بێت لە گوزارشت وەکو جەنگاوەرێکی بێ شمشێر وایە بەتایبەت ئەو وشە زەقانەی هەندێکجار هەوڵ دەدەن سرووشتمان لە یادببەنەوە هەوڵدەدەن چارەنووسمان بسڕنەوە چونکە ئەگەر بێتو لەتوانای بەهێزەکان ورد بینەوە دەبینین بە بێ ئارامگرتن زۆر کورت خایەنەو کاتییە ئارامگریش بێ ژیری زۆر کورت خایەنەو کاتییە ژیریش بێ

ڕێگەی ڕاستی زۆر کورت خایەنەو کاتییە ڕێگەی ڕاستیش بۆ یاسای سرووشت زۆر کورت خایەنەو کاتییە.
ژیان زۆر کات لەژێر زمانی توانجەوە هەڵەکانی خۆمان پێ دەڵێت و ئازارمان دەدات ڕەنگە دۆخەکان هەروا نەبێت کە وای دەبینین ناکاوەکان سرووشتمان تاقی دەکەنەوە کاتێك لەناکاو دۆخەکان دەگۆڕێن ژیانمان ئالۆزی بەرۆکی دەگرێت پێویستە بزانین هەندێکجار گوێدان بەتانەو توانج لەتواناکانمان کەم دەکەنەوە ئامانجمان لە گۆڕەپانی سەرکەوتندا ئالۆ گۆڕ دەکات ئەگەرچی هەندێ وشە هەن هەلگری ڕاستین و ئازار بەخشن بەڵام پێویستە بزانین هەمیشە بەر پەرچیان بدەینەوە بە وەڵامی بێوەڵامی، ڕابردوو ڕەنگە نەتوانین بیگۆڕین بەڵام لە داهاتودا دەتوانین قەرەبووی بکەینەوە و ببین بەکەسی یەکەم، ئەگەرچی ڕەنگە لە حاڵەتێکدا لەهەڵەدابین و دەرگای گەڕانەوە داخرابێت پردی پەشیمانبوونەوە ڕما بێت بەڵام پێویست ناکات کردەوەیەك کە لە نیازماندا هاوڕانین لەگەڵی پێ یەوە بناسدرێین ڕەنگە هێشتا بوار مابێت پردێکیتر درووست بکەین و لە دەرگایەکیتر بدەین مەرج نییە بگەڕێینەوە بۆ دواوە هەنگاونان بۆ دواوە هەمان هێزو هەنگاونانە بۆ پێشەوە پێویستە دۆخەکان بقۆزینەوە بە ڕێگایتر تاقیان بکەینەوە ترسان لە تاقیکردنەوە سەرەتای دۆڕاندنە.

لەناو هەڵەشدا هێشتا بواری چاکەکردن ماوە مرۆڤە خراپەکان مانای ئەوە نییە لە باشە بەتاڵن بەڵکو باشەیان هەیەو بەکاری ناهێنن مرۆڤە باشەکانیش بەو مانایە نایەن کە خراپەیان نیە بەڵکو ئەوانیش بەکاری ناهێنن لە بنەڕەتدا هیچ مرۆڤیك نەباشە نە خراپ بەڵکو بارو دۆخەکان و بنەماکان بڕیاریان دەخەنە بەردەستیان پێویستە بزانین لە دۆخە ئاڵۆزەکان چۆن پێشهاتەکان دەقۆزینەوە بەتایبەت ئەگەر هەر یەکێکمان خۆی بخاتە شوێنی هەموو کەسێك و ژیان و گوزەران لە ڕووی هەموانەوە دەبینێت ئەوا هەمووومان نەك هەر لەناو دڵی یەکتر بەڵکو لەهەموو شوێنیکی ئەم جیهانە جێگامان دەبێتەوە، بەڵام کاتێك بوونی مەرجەکان لە بوونی مرۆڤەکان زیادتر ڕۆڵیان دەبێت لەوێدا دیسانەوە یاری بە شکۆی مرۆڤ دەکرێت، مرۆڤی ژیر هەرگیز ئەوەندە دونیا پەرست نابێت کە تەنها لە ڕووی مەرجەکانەوە کەسەکان بنرخێنێت، چەندە سەیرین ئێمەی مرۆڤ شتێك هێندە ناهێنێ هێندەی پێ دەبەخشین دوای ئەوەش خەم فرمێسکی تیمساحاویمان بۆ دەڕێژێت ئەوسات خەمێك توشمان دەبێت کە تەنها بۆ کولانەوەی برینمان دەمان دوێنێت ڕەنگە ئێمە ئەم خەمە بە دۆست بزانین.

له بنەڕەتدا ژیان بریتییه لەو چەند پیتەی کە لە هەر زمانێکی ئەم جیهانەدا هەیە ژیان لەم جیهانـەدا وەکو گرتووخانەیـەکی بێ شورا وایـە مرۆڤـەکان تێیـدا سـەر پشك کراون ژیـان وەکو ئـازادی هەندێکجار تەنانەت ئەوەندە لە ماناکەی بێبـەش دەبـین نـاتوانین ناوەکەیشـی بـەئازادی بهێـنین، هـەر وەکـو ئـەوەی ئازادییـەکانمان زیندانی دەکرێت دەبێت لە پێناوی ئازادی ڕاستەقینەدا لـە زینـدان باکمان نەبێت وەکو ئەوەی لە پێناو ئاشتیی ڕاستەقینەدا گەلێکجار شـەڕ ڕەت نەکەینـەوە وەکـو ئـەوەی لـەپێناو خۆشویسـتنێکی ڕاستەقینەدا گوێ بەرِق نەدەین ئاواش لەپێناو ژیانی ڕاسـتەقینـەدا پێویستە مردن ڕەت نەکەینەوە.

ناچاری زۆرکات زۆرشتمان پێ دەکات وادەکات زۆر شـت پشت گوێ بخەین بەڵام هەمیشە پشتگوێخستنە وا دەکات ناچاری شـتیتر بـین دەرفەکانی ژیـان بـێ جیـاوازی دێنەپێشمان بـەڵام ئێمـە جیـاوازین لەگەڵ یەکتر هـەمووومان نایقۆزینـەوە، ژیـان بریتییـە لـە دوێـنێ و ئـەمڕۆ و سـبەی پێویسـت ناکـات لـەخۆمانی ئاڵۆزبکـەین ئەگـەر هەمیشە لـە ئێستادا ڕێبکـەوین ڕابـردوو و داهاتو هـەرگیز نابێتـە سەرئێشـە بۆمـان ئەوانـەی خوویـان بـە داهـاتوو گرتـووە هـەرگیز ناتوانن بـبن بـەخاوەنی ئـەمڕۆ چونکە داهـاتووش دەبێتـە ئـەمڕۆ دەبێتـــە دوێنـــێش بۆیـــە نـــاتوانن ببنـــە خـــاوەنی دوێنـــیش،

دوێـنێ سـاتانێك بـوون بەسـەر چـوون سـبەیش هێشـتا نـەهاتووە ئەوەی لەبەردەستمان دایەو خاوەنی ڕاستەقینەین هەر ئەمڕۆیە نەهامەتییـەکانی دوێـنێ و سـبەیمان لـەوە وەیـە کاتێـك لـەپێناو ڕابـردوودا ئێسـتا بـۆ داهـاتوو پشـت گـوێ دەخـەین هیوابـوون بـە ئەمڕۆیـە وا دەکـات کـە سـبەی بـە ئـەمڕۆ بـزانین دەنـا وەکـو بێهیوایەك لێکدانەوە بکەین سبەی هەر سبەیەو هەرگیز نابێتە ئەمڕۆ.

کاتێك سەختی ژیان دەمانگوشێت و گریـانیش تاکە شـتێکە دڵمان دەداتەوە هێشتا دەسەڵاتی ڕووبەڕوو بوونـەوەمان هەیـە فرمێسکی ناچاری خاڵی نییە لە هیوا بەڵکو بواردانە بـە خۆئامـادە کردن بـۆ جـەنگ بەرامبـەر نەهامەتییـەکانمان، هەنـدێکجار فرمێسـك لـە پێداویستییەکانی جەنگ دەچێت هیواکـان بوونیـان نامرێت بـەڵام هەندێکجار ڕۆڵی خۆیان ون دەکەن و وەکو خۆرگیران دوای کەمێك دووبارە ڕووناکی بڵاو دەکەنەوە هیچ مـەرجێك نیـە گریـان بـۆ بـێ هیوایی بێت هەنـدێکجار پلیتی خەندەکانـە، ژیـانی ئێمـە ئەوەنـدە دەهێنێت کە لە پێناویدا گیانمان سەرپشك بکەین بەڵام ئەوەی زۆر گرینگە ژیانێکی هەمیشەیی بۆخۆمان هەڵبژێرین لـەناو یـادەوەری دەوروبـەرەکانمان، هەنـدێکجار هیـوا وەکـو هەسـت کـردن بـە (گەشبینی) خۆی دەنوێنێت بەڵام ئەنجامەکەی گەیشتنە بە ئامانج

هەر وەکو هەنگوینێکی زیاد لەپێویست شیرینە پێویستە بە هێزی هیواو ویژدان و لێکدانەوەکانمان بجەنگین لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی دەیانەوێ بمان ڕوخێنن ئەگەرچی ڕووخاندنیش مایەی ژێر کەوتن نیە زۆرکات دەبێت لەبەرچاومان بێت هەرشتێك بە ڕوخانی ئێمە بوونیاد بندرێت کەوایە ئێمە ئەوانمان درووست کردووە لەبەرامبەردا بە پێچەوانەی بارو دۆخەکان پێویستە لەگەڵ قەدەر بگونجێین بە شەڕکردن لەگەڵ قەدەر دۆڕانێکی سەخت دەدۆڕێنین.

کاتێك مەرجەکانی ژیان وەکو یاریمان پێ بکات وا دژوار دەبێت بێزار دەبین چونکە هێشتا نرخی ڕاهاتنمان نەدۆزیوەتەوە هەرچەندە ژیان بەهەر جۆرێك بێت هەر دەگوزەرێت بەڵام ئەمە شێوازی چەندییەتییە بۆ هەموو بوونەوەر بێ جیاوازی وایە ئەگەر لە ڕووی چۆنیەتییەوە ژیان بکەین ئێمە لە هەموو بونەوەر جیاوازتر درووستکراوین پێویستە جیاوازتریش ژیان بکەین بەڵام سەختیەکان هەمووکات وادەکەن بەرەو مرۆڤێکی کامڵمان ببات کەسێك کە هەموو ژیانی لە تەنها خۆشگوزەرانی بەسەر دەبات نەگبەتترین ژیان بۆ داهاتووەکەی بەرهەم دەهێنێت ئێمە هەرئەوەندە خۆشیمان پێ دەبەخشدرێت کە هەریەکێکیتریش ئەوەندەی بەرکەوتووە بێ جیاوازی بەڵام ئێمە تەنها سەرەتاکان

دەكەین بە پێوەر چونكە خۆشیەكانی ژیان زوو ئارەزووەكانمان چاوبەست دەكات و بە نیوە شارەزایی لە ژیان ڕادەمێنین كاتێك نیوە شارەزاكانیش ئەوەی تەنها هەستیان پێكردووە و دەری دەبڕنەوە ڕێگە لەوانیتریش دەگرن كە تەنها لە خوودی خۆیان بەرهەم هێنن ئەوكاتە ڕێڕەوی ژیان تراویلكەیەك دەبێت مرۆڤ ڕاستەوخۆ لە لەدایكبوونەوە دەبات بۆ خراپترین جۆری لەناوچوون.

(ژیان) سەرەمەرگە ڕاستەقینەی ژیان ئەوەیە گەرەنتی مانمان هەبێت مردن قۆناغێكیتری ژیانە پێوانەیەكی هەڵەیە مردن بە پێچەوانەی ژیان بزانین بەڵكو لە ڕاستیدا نەبوون پێچەوانی ژیانە.

ژیان وەكو ڕێگەی كاروانچیەكان وایە پێویستە بزانین لەكوێوە هاتووین بۆ كوێ هەنگاو دەنێین بۆچی ڕێگا دەبڕین، بێچارە ئەو ڕێبوارە دەست بەتاڵ و ڕێ لێ ون بووەوەیە كە نازانێت لەكوێوە هاتووە تاوەكو بگەڕێتەوە بەڵام بێچارەتر ئەوەیە نەدەزانێت بگەڕێتەوە نەدەزانێت لە كوێوە كۆتایی بە گەشتەكەی دێت، لەبەر ئەوەیە زۆر پێویستە هەڵبژاردنی ژیانمان بكەین چونكە لەهەندێك باردا ژیان وەكو داواكردنی قاوەیەكی تاڵ وایە كە بڕیاری خواردنەوەی دەدەین دەبێت پاشە گەز نەبینەوە.

لەهەندێکحاڵدا لە پرمەی گریاندا خەندە دەکەین ئەوە مانای ئەوە نیە کەسێکی بەتاڵین لە پێکەنین وەك چۆن کاتێك سێبەر زاڵ دەبێت بەسەر ڕەنگەکان ڕەش و سپی یەك شێوەیان دەبێت بەڵام کاتێك ڕووناکی دەردەکەوێتەوە هێڵی سوور و سەوزیش دەردەکەوێتەوە و هەموو ڕەنگەکان لەیەکتری جودا دەکەینەوە ئەگەر بمانەوێت لە پەیوەندی ڕەنگەکانەوە زۆر وانەی بەسوود فێر دەبین مرۆڤی پاك وەکو ڕەنگی سپی وایە کە لە هەمەڕەنگی شەبەنگەوە دەستمان دەکەوێت مرۆڤی خراپیش وەکو ڕەنگی (تاریکی) وایە کە لە ون بوونی هەموو ڕەنگەکانەوە دەستمان دەکەوێت پێویست ناکات سەرزەنشتی خودی خۆیان بکەین مەگەر کردەوەکانیان چونکە تەنها باشییەکانیان لەخۆیان دوورخستووەتەوە هەروەکو (تاریکی) ڕەش نیە بەڵکو ڕەنگەکان بوونیان ئامادە نییە.

جارجار ژیان وەکو ئاوێنە وایە لەکاتێکدا ئاوێنە دڵ ڕەقترین دادوەرە چونکە زۆر بەڕاشکاوانە دەدوێت و هیچ شتێك لە بڕیارەکانی ڕەت ناکاتەوە تەنانەت(تاریکی)یش ناتوانێت خەسڵەتەکانمان لەئاوێنە بشارێتەوە وەك چۆن لەشەودا خۆر هەر ڕووناکی دەبەخشێتەوە بەڵام جیهانەکەمان پشتی تێکردووە.

لەکاتێکدا کە ڕۆژگارەکە بەشێوەیەك دەگۆڕێت کاتێك بەدوای پاڵەوانی ڕاستەقینەو جوامێری ڕاستەقینەدا دەگەڕێین تەنها لە خەیاڵ و کتێبەکاندا دەیان دۆزینەوە ژیان بەشی ئەوە ناکات ماوەیەك بۆ گەڕانی گەوهەرەکان تەرخان بکەین چونکە مەودوای ژیان هەناسە هەڵمژینێکو هەناسەدانێکە هەناسەی ژیان یەکەم نیشانەی لەدایکبوونە هەناسە بڕانیش لە نیشانەکانی مەرگە.

پێویستە ماف بەم گەوهەرە بدەین لە ئاخە قوڵەکانی بێهیوایی بەساردی لە سنگماندا گوزەری پێ نەکەین، کاتێك ژیان ئازارمان دەدات دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت ژیان هەمووکات سەرەمەرگە، مرۆڤ جگە لەڕوانگەی خۆیەوە زۆر سەیرە، منداڵە ئاواتەخوازە گەورە بێت ئاواتەخواز دەبێت منداڵ بێتەوە، پیر دەبێت ئاواتەخوازە گەنج بێتەوە، لەسەرەمەرگ کە دەزانێت دوایی یەتی ئاواتەخوازی ژیانە، ئەمە ئەو کاتەیە مرۆڤ خۆی لەیاد دەچێتەوە خۆی ناناسێتەوە و لەبری ئەوەی کردەوەکانی خۆی لە چاوی سرووشتەوە بەنامۆ ببینێت هەموو دیاردە سرووشتیەکانی ئەم بوونەوەرە بە نامۆ دەبینێت، تەنانەت دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بازرگانی بەهەمووشتێکمان دەکەین تەنانەت بازرگانی بەشکۆ و بە باوەڕ و هەستەکانمان دەکەین بەجۆرێك کە لەجیهانی مرۆڤایەتیدا تابلۆ کۆنەکان لە مرۆڤە پیرەکان بەنرختری دەزانین لێکدانەوەی

(یاسا)کان لەکەلـلەی سەرخۆشـێکدا تەسـك دەکرێتـەوە لـەم کاتـەدا پێویستە بەهێزی هیوا بەرزیـەوە بڕوانینـە ڕیزەکانی سوپای ئـەم جەنگڵسـتانەی دەوروبـەرمان ورە نادیارەکانمـان بـەدەر بخەینـەوە جارێکیتر نەشڵەژێین و بتوانین خۆمان ڕابگرین چونکە زۆر لـەوە سـەیرتر دەبیـنین لـەم جەنگـە نامۆیـەی ژیـان تەنانـەت دەبیـنین مرۆڤـەکان کـڕین و فرۆشـتن بـە متمانەشـیانەوە دەکـەن، ئەمانـە هەمووی بەرهەمی ئەو نرخانەیە کەوا خۆمان لەسـەر سرووشـت و شتە بەخشێندراوەکانمان داناوە و لە بازاڕی چارەنووسدا هەراجمان کردووە.

چارەنووس قسـە ناکـات مەگـەر بـەزمانی ڕووداوەکـان نـەبێت کـە بـزانین چـی مەبەسـتە مـەرجیش نیـە ئـەو ڕوداوانـەی خۆمـان درووسـتیان دەکـەین لـە دەربڕینـەکانی چارەنووسـەکەمان بێـت چـونکە زمـانی وەك هیـزری ژیـان وایـە کاتێـك بـەزۆر دەیهێنینـە قسەکردن حەتمەن ئەو شتەمان بۆ نالێت کـە ئێمـە لێمـان دەوێـت، کاتێك دەزانین ژیان تاقی کردنەوەیە ئارەزوومان وایە هەمووشتێك تاقی بکەینەوە بە سرووشت لەڕووی دەرەوەمان هەموومان لەیـەك دەچین وەك چۆن هـەمو سالێك دڕکە تازەکان و خونچە تازەکان لەیـەك دەچـن وەك چۆن پەپوولـەکان و گورگـەکان هـەمو سـاڵێك هەر هەمان سیماو شێوازیان هەیە و هـەمان کار ئـەنجام دەدەن کـە

لێمان بینیون، ئێمەیش بە سرووشت واین سرووشتمان نەگۆڕە پێویست ناکات نە بۆ ئەنجامدانی چاکە نە بۆ خراپە خۆمان بۆ گۆڕینی سرووشتمان ماندوو بکەین بەڵکو شێوازەکان پێویستە بگۆڕین مرۆڤ تەنها پێویستی بە ڕێگاو ڕێککارییە پێویستی بەوە هەیە لەکات و شوێنی خۆیدا سرووشتەکەی بخاتەگەڕ لەگەڵ ئەوەشدا بە بەرنامەوە بڕیار بدەین چونکە مرۆڤ کاتێك چۆنیەتی سرووشتەکەی خۆی ون دەبێت وەك مرۆڤێکی دەستکردی خۆکار ژیان دەکات هەندێککات دەگات بەڕادەی ئاژەڵبوون.

پێویستە سەرنجی سرووشتی هەموو دەوروبەر بدەین و بیخەینە ژێر ئەزموونەوە چەندە بێکەسە ئەو کەسدارەی بەهۆی پاسەوانەکانی کەسایەتی خۆی ون کردووە چەندە نابوێرە ئەو (دەسەڵاتدار)ەی هەموو هێزەکەی لە چەکەکەیەتی، چەندە بچووکە ئەو (گەورە)یەی بەهۆی بچووکەکان گەورە دەردەکەوێت چەندە هەژارە ئەو (دەوڵەمەند)ەی وەك هەژارێك پڕ بەگیرفانی خەرجیی ناکات.

ژیان لەم جیهانەدا چەندە یاریەکی سەیرە بە فرمێسک دەست بە یاری دەکەین و لە قاقای پێکەنین ماڵئاوایی لە جیهانەکەمان دەکەین، کاتێك بە ئازارێك یاریمان پێدەکرێت و بە یارییەك ئازار دەدرێین لە یارییەکانەوە ئازار فێر دەبین و لە ئازارەکانەوە یاری فێر دەبین، زۆرکات چارەنووسمان وەکو ئەو بارانە بە خوورانە وایە کەوا قەدی گیاکان تێك دەشکێنێت ئێمەیش واین زۆرکات سرووشتمان بە بێ ویستی خۆمان بە ئاراستەیەکیتر(لارێ) دەبێت بەڵام بۆچی نەفرەت لە سرووشتەکەمان بکەین خۆ زۆرجار بارانی بەخوور تەنها ڕووەکە لاوازەکان لەئاستیدا دەشکێن و بەتواناکان دەمێننەوە.

ژیان ئەوکاتەی تەنها بە زمانی وێنە و دارو درەخت و دەریاو وەرزەکان هەست پێدەکەین هەمیشە وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ دەدەین بە سرووشت، سرووشت پڕاو پڕە لە کامڵی جێگەیەك نیە شوێنی بێهیوایی تێدا بمێنێتەوە، بەڵام مەرج نیە هەمووکات (گەشبینی) بەزۆر بسەپێنین بەسەر قورسیەکانماندا چونکە سرووشت هەم ڕووناکی هەیەو هەم سێبەری هەیە هەم چێژە هەم ئازارە ئەوەی وادەکات لە (تاریکی)شدا (گەشبینی) چاوەڕێ بکەین ئەوەیە کەوا (تاریکی) جگە لە سێبەرێك هیچیتر نیە.

ژیان بە پێچەوانەکانەوە چێژی هەیە چونکە ئەوە پێچەوانەکانە یەکتری درووست دەکەن، بە تەنها مرۆڤە وا دەزانێت تەنهایی ئاسوودەی دەکات بەڵام لە ڕاستیدا تەنهایی بۆ مرۆڤ خراپترین هەڵبژاردنە بۆ هێورکردنەوەی فشارەکانی، هەندێکجار وا پێویست دەکات فێڵ لە چاوەکانمان بکەین تەنها بۆ ئەوەی خۆمان ئاسوودە پیشان بدەین پێویستە کۆڵەوار بین لە خوێندنەوەی تابلۆ ئاڵۆزەکانی ژیان ئەگەر هەمووان یەکڕاست توانای بینینی ڕاستەقینەکانی ئەم بوونەوەرەمان هەبووایە ئاشنابوون و خۆشویستن زۆر دەگمەن دەبوو.

ژیان هەندێکجار وەکو بڕینەوەی ئەو دارەی ژێر خۆمان وایە کە خۆمان لەسەری وەستاوین، لەڕاستدا ئەوە شێتی نیە بەڵکو لووتکەی ناچارییە وامان لێدەکات بۆ لەدەست نەدانی نیوەی ژیانمان نیوەکەیتر ببەخشین ئەمە دژوارترین جۆری باجدانە، ئێمەی مرۆڤیش هەموو خۆشیەکانی ژیانمان بێ باجدان دەوێت سەختترین فێڵە خۆمان لەخۆمانی دەکەین ئەگەر دەستمان بەر دڕکی قەدی گوڵێك نەکەوتبایە ئێمەیش گوڵمان بۆ دیاری ئازیزانمان هەڵ نەدەبژارد، نرخی شتەکان لە ماندوو بوونیانەوەیە هەندێکجار تووشی شکستی چاوەڕوان نەکراو دەبین چونکە کاتێك پێچەوانە دەبنەوە ئێمە بە هەژماری جاران لەگەڵیان دەجوڵێینەوە

ئەو ژیانەی کە ئەم بوونەی پێ ناساندووین هیچ پێویست ناکات بە پێشەنگ و ڕێبەری خۆمانی بزانین ژیان ڕاستە دایکی هەبوونە بەڵام هەمووشتێك نیە هەندێك شت هەن لە ژیان لە پێشترن هیوا و باوەڕ و خود و کەسایەتی و خۆشەویستی، بوونی ژیانێك بێ ئەوانە نەبوونی زیادتر جێگەی شانازییە، ئێمەی مرۆڤ هەمیشە لە چەواشەی دەستکردەکانداین و هەستیان پێ ناکەین چونکە خەریکە بەتەواوەتی وەکو مرۆڤێکی دەستکردمان لێدێت لەکاتێك ئامرازەکان زیاد دەبن خۆشمان دەبین بە بەشێك لە ئامرازەکان لە ژێر ناوی پێشکەوتنەوە هەزاران جار هەڵەی گەردوونی دەکەین بەڵام هەستیان پی ناکەین چونکە دیسانەوە خۆشمان بەشێکین لەم دەستکردانە ئەمە وەکو نموونەی ئەو نابینایە وایە هەمووژیانی لە (تاریکی) بەسەر بردبێت و (تاریکی) بووبێت بەسرووشتی هەرچەند باسی ڕەنگەکانی بۆ بکەین جیاوازیان پێ ناکات، ئێمە شتانێك فرمانمان بەسەر دەکەن کە بۆ ئاراستەیەکی نادیاری چارەنووسسازمان دەبەن کە خۆمان درووستمان کردووە دواجار ژیان و مردنێك لە دایك دەبین و دەمرین کە خۆمان بە دەستکردیمان کردووە لەناو ئەم هەمو دەستکردیانەشدا سرووشتمان شاردراوەتەوە و بە پلەی دووەم دێت نەوەکو یەکەم.

ژیان خۆی سادەیە بەڵام ئێمە زۆرجار بە ئاڵۆزی لێکی دەدەینەوە لەتەنگانەدا زۆرکات خۆ فریودانێك هەیە لە ئاکارمان کە پێمان وایە دەسەڵاتی هەمووشتێکمان تێدا هەیە ئەم جۆرە هەستە بەقەد ئەوەی زیانە بۆ سرووشتمان بە یەك لەسەر چواریشی سوودی نیە ئێمە دەکرێت لەوکاتانەدا هیوامان بەسەر هەمووشتێکدا هەبێت نەوەکو پێداگری.

زۆرکات ئێمە نە لە ئاوێنەدا نە لە کردەوەکانیشماندا ڕووە ڕاستەقینەکانمان نابینین بۆ ئەوەی هەست بە ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆمان بکەین پێویستە شتانێك تاقی بکەینەوە کە قورسە و لەگەڵ ڕاهاتن و خووەکانمان ناگونجێت پێویست دەکات هەندێکجار بۆ ماوەیەکی کاتی لە ئازیز و خۆشەویستانمان دوور بکەوینەوە ڕوو بەڕووی خووەکان ببینەوە و خۆمان لە شوێنی کەسانیتر ببین سەرئەنجام بەر لە بێزاربوون یاخود بەر لە ڕاهاتن بۆمان دەردەکەوێت کەوا ڕووە ڕاستەقینەکەمان چۆنە، دەردەکەوێت مرۆڤ چەق نابەستێت ئەگەر چەق بەستوویی خۆش نەوێت یاخود ترسی لێ نەبێت، ئێمە لە زۆر کاردانەوەکانماندا ئەوشتەی ئازارمان دەدات خۆشمان دەوێت بۆیە ئازاری پێدەچێژین و خۆڕاگریمان ناهێڵێت، ئەگەر خۆشەویستیمان بۆخەم نەبێت هەرگیز ناتوانێت بمان ڕوخێنێت.

ژیان و مردن بەخۆرایی پێمان دەبەخشدرێت، ئەوەی نرخ لەسەر ژیان دادەنێت ئەوەیە کە بە پووختییەوە بژین و چۆن بەخشینی ژیان بەگرنگ تێبگەین، ئەوەی نرخ لەسەر مردنیش دادەنێت ئەوەیە بڕوامان بەدوای مردن چۆنەو مردن بەچی تێبگەین، خۆکوشتن ڕەتکردنەوەی ئەو بەخششە گەورەیەیە کە وەکو دیاری پێمان بەخشراوە.

کاتێك ژیانەکەمان وەها سەخت دەبێت تەنانەت کە دەکەوین نابێت ڕەچاوی هەڵستانەوە بکەین پێویست دەکات بە کەوتنیش هەر زۆران بازییەکە بکەین زۆرکات لەمەودای کەوتن و هەڵسانەوەدا زۆر شت هەن لەدەستیان دەدەین و زۆر شت هەن بەدەستیان دەهێنین، سەختی و ئاسانییەکانی ژیان بەندە بەوەی چۆن ڕادێین نەوەکو چۆن دێتە پێشمانەوە، ئەگەر لە گەڵ خۆڕاگری ڕێکەوتین لەگەڵ ئەستەمیەکانیش ڕێکدەکەوین زۆرکات بێهیوا دەبین لە پێناسەکردنمان لە زمانی مرۆڤە بێ ئاگاکانەوە بەڵام پێویست ناکات لامان گرنگ بێت پێناسەی ئەوانەی کە نامان ناسن هەمووومان مافی ئەوەمان هەیە کاتێك کە کەسێك ناناسین متمانەی پێ نەکەین بەڵام ئەوە مەرج نییە ڕاست بێت تەنها ئامادە باشییە.

هەندێکمان زۆرجار لە قوڵایی سەختییەکانمانەوە هەست بە گرنگی بوونمان دەکەین هەزاران جار بە لەدایکبوونمان پەشیمان دەبینەوە و بەدەست ئازارەکانی ژیان باوەش بۆ مەرگ دەکەینەوە بەڵام بەر لەوەی ڕێکەوتنێکی ناچارانە لەگەڵ مەرگ ڕێکبکەوین پێویستە لەدایکبوونێکیتر لەدایکبینەوە ئێمە یەکجار دەمرین بەڵام ئەگەر مەبەستمان بێت بۆ هەمیشە وەك نەمرەکان لەسەرە مەرگ بەر لە مردن لەدایکدەبینەوە، سەختیەکانی ژیان جۆرە بەخشدراوێکن بێ بەرامبەر شت گەلێکمان فێر دەکەن کە هیوا نامرێت بەلکو نەخۆش دەکەوێت نوقم دەبێت بەڵام ناخنکێت کز دەبێت بەڵام ناکوژێتەوە.

مرۆڤ کاتێك ڕێبوار دەبێت ئیدی هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەمە بێهیوایی نیە بەلکو هیواکان کاراتر دەکات هیواکانی ئێمە پێویستیان بە فریودانیان نیە دەبێت لە جارێکیتریش دوای بێزاربوون ئاوڕێکیتر بدەینەوە جارێکیتر بەهەمان ڕێگەدا بڕۆینەوە جارێکیتر سۆراغ بکەینەوە زۆر لە هەڵەداین ئەگەر گەڕان بۆچەند جارێك بە زیادەی بزانین چونکە هەندێکجار وەکو ئەوە وایە کە بۆ ونبوویەکی ئێستا دەگەڕێین و ون بوویەکی کۆنمان دەدۆزینەوە ئەمە دەستکەوتەکانی کۆڵ نەدانی ژیرانەیە.

کاتێك کەسێك لەسەرە مەرگەو ئازیزەکەی پێی دەڵێت "مەمرە" ئەوە مانای وایە هیوا هێشتا زیندووە بۆ نەمرەکان، بێهیوایی بەرهەمی دەستەوەستانی خۆمانە دەترسین لەو لێکدانەوەیەی کە چارەسەری بێهیوایی تێدا شاردراوەتەوە، کاتێك جگە لە گریان هیچ شتێکیتر شك نابەین پێویستە ئەوەش بزانین دۆزەخی خەمۆکی بە فرمێسکە گەرمەکانمان ناکوژێتەوە بە هەناسەی ساردی ناخمان ئەو پشکۆیەی کەوا بێهیوایی درووستی کردووە لەناخمان گەشتر دەگەشێتەوە ئەو کاتەی لە گریان خەساری دەکەین دەبێت بیخەینە سەر کاتی شەو نخوونیمان و ئەوشتانە لێکبدەینەوە کە ماون نابێت بۆ سارێژی برینی خۆزگەکانمان خەم بەچارەسەر بزانین خەم جگە لە کولانەوەی برینەکانمان هیچ شتێکیترمان پێنابەخشێت، هەڵەی ڕاستەقینە ئەوەیە دەستبەرداری هەوڵەکانمان دەبین و بێزاردەبین یاخود ڕەچاوی تێپەڕبوونی کات دەکەین کاتیش پێمان دەڵێت هەتا ئێوە بەردەوامین منیش بەردەوام دەبم، ئەگەرخۆمان شۆڕشێك دژ بە خەمەکانمان بەرپا نەکەین جۆرێکی خراپی بێهیواییە کێشەکانمان ڕەها بکەین تا خۆیان ئاسایی ببنەوە، بەڵام کاتێك کیشەکان دەبن بە بەشێك لە ژیانمان خۆشمان ڕادەستی ئەم جۆرە ڕەهاییە ناشیاوە دەکەین دەگات بەڕادەیەك خۆشمان تێپەڕ دەبین و شتگەلێکی بەنرخ و کۆمەڵێك دەرفەتی ناوازە تێپەڕ دەبێت لە دەستمان گرنگترینیان کاتەکەمانە.

ژیـان هەنـدێکجار دەمانتۆرێنێـت زۆرجـاریش ئاشـتمان دەکاتـەوە ڕوودانـی هەرشـتێك مـەرجی ڕوودانەکەیـەتی بـەڵام دووبـارە بوونەوەی هـەر ڕووداوێـك مـەرج نیـە، هـەموومان خـەونمان هەیـە بـەڵام هـەمووجارێك نایەتـەدی چونکە ئێمـە خـەوتووین و لـەناو خەونـدا خـەونانێکیتر دەبیـنین زۆربـەی خەونـەکانمان لـە ترسـی بەڕاسـتەقینەبوونی خەونەکەیـە ئەگەرچـی زۆرجـاریش تـرس ورەمان پێدەدات کاتێك دەچینە ناخیەوە، بـەڵام جاری واش هەیـە بێ ورەترمان دەکات کاتێك بە قەبارەکەی باوەڕدەکەین.

هەنـدێکجار عـەیب نیـە ئەگـەر بـەرەو دواوە بگەڕێینـەوە ئەگـەر کاتەکـە وا بخوازێـت و لـە بەرژەوەنـدی ئـەمڕۆ و داهـاتوو دابێـت عەیب نیە ئەگەر بۆ تۆڵە سـەندنەوە منـداڵ بینـەوە هەندێککات گاڵتە بە سرووشتمان دەکرێت و لەناو دەور و بەرمان کـە خۆشمان نەمان ویستووە وا بین پێویسـتە بـە تـینی خـۆڕاگری ڕقـەکانمان و تۆڵـەکانمان بتوێنینـەوە، ژیـان هـەر لـەدایکبوون و مـردن نیـە لـە نێوان ژیان و مردنی ڕاسـتەقینەماندا سـەدان جار بـە ویستمانەوە دەمانکوژن و ئێمەیش بە ورە بـەرزیمان لـەدایك دەبینـەوە، دەبێـت ئـەوە لـەیاد نەکـەین هـەر بـە تـەنهاش ستایشـەکانی خـەڵکی سروشـتمان بـە لاڕێـدا دەبـات و سەرزەنشتەکانیشـیان سرووشـتمان تاقی دەکاتەوە.

بەردەوامی ژیان لەسەر بنەمای خۆڕاگری وەستاوە هەربۆیە سرووشت بوونێکی ناوازەی هەیە، هەموو شتێك كاتێكی هەیە پەلە كردن كاتەكان پاشەو پێش دەخات و ئەندازەگیری و پوختی شتەكان تێك دەدات، ئەوەی لە ئارامیدا دەستمان دەكەوێت لە پەلەكردندا هەستی پێناكەین و لەدەستمان دەچێت هەندێكجار درۆمان خۆش دەوێت چونكە پێویستمانە و لە ڕاستیەكی ناوەخت زیادتر سوودی دەبێت بۆمان بەڵام هەرگیز نابێت پیرۆزی بەدرۆ بدەین بەڵكو كات پیرۆزترە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە ڕاستی خۆشەویست بێت لای هەمووان پێویست دەكات بە تەنها هەر لە وتەكاندا ڕاست نەبین بەڵكو لە كاتەكانی دەربڕینی وتەكانیشماندا ڕاستەقینە بین.

جارو بار شەرمندەییش كە لەناوەختدا بەكاردێت دەبێتە مایەی زیان بۆمان چونكە لەكاتی خۆیدا نەبووە، تەنانەت هەوڵەكانیشمان و بگرە سەركەوتنەكانیشمان كە كاتەكەی درەنگە ئامانجێكی ئەوتۆی تێدا ناپێكین هەر وەكو منداڵەكان و(شێت)ەكان ڕاستگۆیانێكن گوێ بەكات نادەن كە ڕاستییەك دێتە سەر زمانیان، زۆرجاریش خۆمان پەشیمان دەبینەوە لەوەی گوتوومانە ئەمە مانای ئەوە نیە خاوەن بڕیارو وتەی خۆمان نین بەڵكو گرنگە لامان بەسەر ئەو بڕیارانەمان بچینەوە.

کاتێك شتەکان پێچەوانەی سرووشتی ئەرکەکانیان دەبن ئازارێکی زۆرمان پێدەدات هەندێکجار بەهۆی کەسێك کە خوازیاری خۆشحاڵیمانە بەقەد ڕێژەی خواستەکەی دەبێتە هۆکاری نارەحەتیمان هێندە دوژمنە سەر سەختەکانمان کە بە ئاسایی دژایەتیمان دەکات نارەحتمان ناکات وەك ئەو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار شت گەلێکی شاراوە هەن کە هیچیان تێناچێت و بە بەهایەکی زۆر ئاسوودەمان دەکات، ئەگەر کەمێك لە مافەکانی خۆمان خۆشبین و ببەخشینەوە بە بەرامبەرەکانمان ئاسوودەیەکی کەم وێنەمان پێدەبەخشێت، ئەمەش وا دەکات زووتر ئەو کەسانە بناسین کە ناسینمان تاقی دەکەنەوە.

ژیان گەلێکجار وەکو شانۆیەك خۆی دەنوێنێت بەڵام ئێمە نازانین دەرهێنەرەکە خۆمانین ئەگەر هەمیشە وا هەست بکەین ئەو شتانەی ڕوو دەدەن ئاوێنەی ڕابردووی خۆمانە ژیان بەکاتێکی زۆر کەم گۆڕانکاریەکی زۆر بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام کاتێك باوەڕ پلەی دووەم و نەرمتر وەردەگرێت و ئامرازە دەستکردو لاوازەکان زیادتر جێگەی پشت بەستن دەبن هەموو ئەو هەژمارانە لە گۆڕ دەندرێن و زیندوونابنەوە، کاتێك خۆشویستن لەناو ڕق و ڕقیش لەناو خۆشویستن خۆی ون دەکات ئازار خواردووی یەکەم مرۆڤە دڵپاکەکانە چونکە ڕقەکانیان لەناو خۆشویستندا ون دەکەن

ئەم جیهانە هێشتا مرۆڤانێکی لەسەر دەژین نازانێت ژیان لەسەر ئـەم هەسارەیە بـۆ ناسـاندنی ژیـانێکیترە هـەموو چـەکە بـەهێزو دەرفەتـە یەکجارییـەکانی لـە مەشـقی ژیانـدا تـەواو دەکات بۆیـە ئەوەی ئەم جیهانەمانی داپۆشیوە تارمایی بێبەزەیی و خۆپەرستی و بێبەزەییـــە، وەکـــو جـــەنگاوەرێکی ئـــازا ڕوو بـــەڕووی بـــەر بەسـتەکانمان دەبینـەوە بـەڵام سـوودمان بـۆ هـیچ کەسێك نییـە چونکە لە ترسی بە دیل گرتنمان شەڕ دەکەین نـەوەکو مانـەوە وەکـو سـەرکردەیەکی بەجـەرگ سـەیری خاڵـەکانی ژیـان دەکـەین بەڵام ئەمە گەورەیی نیە چونکە لەپێناو بچووکەکاندا شەڕ ناکەین تەنها بۆ یەك گـەورە دەیکـەین ئـەوییش هـەر یەکـەمان بـۆ خـودی خۆمانە.

کاتێك مـرۆ لـە پێناسـەکەی خـۆی دەردەچێت سرووشـتی نـەبوون وەردەگرێت، چەند هەستیارە کە بـۆ چـەند سـاتێکی کـەمیش بێـت جیاوازتر لێکبدەینەوە لەم بونەوەرەدا لە شتانێك قوڵ بینـەوە کـە هەست دەکەین ئەو هەناسەیەمان نیە بەڵام تاقی کردنـەوەمان پـێ تاقی دەکرێتـەوە، چونکە هەنـدێکجاریش ژیـان بەتـەنها سـەیرمان دەکات و ڕۆژگـاریش گوێمـان بـۆ شـل دەکـات وە زمانحـاڵی نـابوونی (بـــەخت)گاڵتـــەمان پێـــدەکات و پێمـــان پێدەکـــەنێت ئـــەوەی ئامۆژگاریشمان دەکات هیواکانمانن.

قۆستنەوەی شتە گران بەهاکان زیادتر لەو کاتانەیە کەوا کەسانێکی زۆر لەبەر ترس و عەیبە لە تاقی کردنەوەی نامۆکان دوور کەوتوونەتەوە مرۆڤی بێ ورە و بێ باوەڕ هەموو نامۆیەك بە خراپ دەبینێت پێویستە تاقیکردنەوە لەیاد نەکەین هێزی شاراوەی ناخمان هەمان ئەو هێزەیە بەرامبەرمانەو سەرسامماندەکات تەنها قورسکردنێك کە بێهیواییەکی دەستکرد درووستی دەکات چ پێویست دەکات هێندە فریوی پێبخۆین و ملمان کەچ بکەین لە ئاستیدا، بەڵام سەرەتا پێویستە تاقیکردنەوەکانمان تاقیبکەینەوە چونکە هەڵەیە کەسێك ببێتە چاوساغی ڕێگەمان و خۆیشی نەیبینی بێت، هەڵەیە کەسێك ڕێگەیەکمان پێنیشان بدات و خۆیشی پێیدا نەڕۆیشتبێت.

کە لە ژیانی ئەم جیهانەی ئێمەدا تێیدا دەژین زۆر سەیرە هیچ حەسانەوەیەکی ڕاستەقینەی تێدا بەدی ناکرێت هەرچی هەیە ماندوبوونێکی ڕاهاتووانەیە ئێمە بە حەسانەوەی تێدەگەین چونکە مرۆڤ (وەستان)ـێکی نییە هەرچی هەیە جوڵۆکەیەکی ڕاهاتووانەیە بۆیە هەمیشە هەست بە گەنجێتی دەکەین چونکە لە ناخماندا ورە و ڕۆحمان پیرنابێت، بۆجەستەش پیربوون کۆن بوونێکەو پێگەیاندنی ئەو هەناسەیەیە کە بۆ قوڵایی لێکدانەوە هەناسەی بەردەوامیمان پێ دەبەخشێت.

ژیان بریتیە لە هەڵچونێك و ئارامبوونەوەیەك بەڵام لەنێوانیان هەڵچوونی ساتی لەدایكبوون و ساتی ئارامی مردندا شت گەلێك هەن ڕوودەدەن كە پێمان دەڵێن سرووشتی ئێمە تێكەڵاوە پێمان دەڵێن ئێوە مرۆڤن و پێدەكەنن و دەگرین كەوایە هەندێك شت هەن كەوتوونەتە ئەستۆمان، ژیان خەڵاتێكە لە خەڵاتە هەرە گەورەكان كەوتۆتە ئەستۆمان بەڵام هونەری ژیرییە فۆستنەوەی ئەو شتانەی بێ پرسوڕای خۆمان پێمان دەبەخشدرێت لە گەورەترینی خەڵاتەكانە، ئەگەر بەچاوی هیواوە لە ژیانمان بڕوانین و ڕووداوەكان نەبەستینەوە بە هۆكاری ژیانەوە هەمیشە ژیان ڕووكارێكی سادەو ناواخنێكی چڕی دەبێت هیوای هەمیشەیی بە ژیان ژیرییە جیاكردنەوەی ژیانەكان لە یەكتر ژیریترە بەراورد كردن و هەڵبژاردنی ژیانی ڕاستەقینە ژیریترین ژیریە ئەگەرچی هەندێكجاریش لە لەدایكبوون پەشیمان دەبینەوە.

ژیان وەكو مەیدانی جەنگ وایە زۆرجار كە گیانمان دەكەوێتە ترسنایكییەوە مەرجە بنەڕەتیەكان لەناو جەنگدا لەیاد دەكەین بۆیە سەركەوتن بەدەست ناهێنین ژیان بێماندوبوون ژین بەمانای (وشەكەی) ناگەیەنێت، جارجار بێزار دەبین بەڵام نابێت بەشكستی بزانین چونكە چەندە سەیرە كاتێك خۆمان لاواز دەبین خەتا لە ژیان دەگرین و بەقورسی ناو دەبەین، ژیان قورس نیە ئێمە

بەتەنها نزیك بینین جارجار (شێتەکان) ویستیان وایە ئێمە ئاسایی بکەنەوە گوێ بەوە نادەن کە زۆرینە ئێمەین ئەمە هەوڵێکی زۆر ژیرانەیە چونکە فێرمان دەکەن زۆرینە سەرمەرجی یەکلاییکردنەوە نیە بۆ باشی و خراپی، مەرج نیە هاوارێك لە چرپەیەك حەقدارتربێت و زیادتر بەڵگەبێت بۆ بەزەیی پێدا هاتنەوە هەندێکجار چرپەیەك کە لەسەرەمەرگ دەگوترێت چەند بەقەد هاوارێك لەوانەیە حەقدارتربێت، لە کاتێك ژیان ماناکەی خۆی لەدەست دەدات کە (باشبوون) ئازارێکی توندی دەبێت و خراپبوونیش چێژێکی غەڵەتهێنەری دەبێت زۆر بەقورسی مرۆڤەکان ناخیان دەخوێندرێتەوە، بگرە زۆربەی بۆچوونەکان پێچەوانە دەبێتەوە و مرۆڤەکان دەستی یارمەتییان لە جێدەچێت و خۆپەرەستییەکی باوەڕپێنەکراو لە ناخی باشەکانیشدا چەکەرە دەکات و لەبەر خودی خۆیان خۆشەویستانیان خۆش دەوێت، ژیان ماناکەی خۆی لەوەش زیادتر لەدەست دەدات کاتێك کەسانێك خراپە دەکەن و پیرۆزی دەکەن وە هەستیشی پێناکەن زۆرینەش بۆ خۆدەربازکردن لە ژێر شیرینی (گیان)دا شانۆ دەکەن و هەستی پێناکەن بە شانۆکردنەکەیان چونکە ڕاهاتوونەو بووەتە (سرووشت)یان، لەوکاتەدا بەڕادەیەك ژیان ماناکەی خۆی لەدەست دەدات کە هەموو نامۆکان بە بێ نرخ سەیر دەکرێن، کۆیلایەتی بە

جۆرێکیتر و بە شێوازێکیتر دەگەڕێتەوە وەکو مرۆڤێکی دەستکرد تەنها زانیاریەکان دەگوازنەوە و زیانیاری کۆ دەکەنەوە و توانای قوڵ بوونەوەیان نامێنێت، تەنانەت هەندێك لە مرۆڤنەبوونیش تێپەڕدەکەن و بوونێك نیە هاوشێوەی ئەم جۆرە بێت کە بە ناوی مرۆڤە ڕەگەزنامەکەی، کە مرۆڤایەتی هەموو ئامانجی گەیشتن دەبێت بە پاساوی پێشکەوتن بەشێوەیەك ژیانی ئەم جیهانە بێمانا دەکەن مرۆڤەکان لەگەڵ هەموو شتێك ڕادێن دڵیان وەها ڕەق دەبێت پێش هەموو زیندەوەرێك (بە بەرد) دەبێت هەتا ئەو ڕادەیە ژیان بێمانا دەبێت تازە پێگەیشتوو لەو ژیانە پەشیمان دەبێتەوە و بێزاردەبێت کە لەناو ملیۆنەها هاوخودی خۆیدا پێی بەخشدراوە و پەنا بۆ خۆمراندن دەبات، مەرج نیە لە ئاسماندا بەدوای ئەستێرەی (کامەرانی)ـیدا بگەڕێین هەندێکجار پێویستە ئیمە خۆمان لە گەردوونی لێکدانەوەی خۆماندا بەدوای بگەڕێین (گەشبینی) و (ڕەشبینی) تەنها هەستێکی مرۆڤە دەبێت خۆمان لە (تاریکی) چرا داگیرسێنین و لە ڕووناکی بەهیواوە کار بکەین.

زۆرجار لەچارەنووسمان توڕە دەبین و هەوڵ دەدەین وشەکانی چارەنووسمان بسڕینەوە یاخود لەگەڵ ویستمان بیگونجێنین بەڵام مەرج نیە بە لاستێکی ویستمان بیسڕینەوە سڕینەوەیەکی سیحری هەیە ئەویش ڕاهاتنمانە لەگەڵ چارەنووسەکەمان وەکو چۆن دەبینین ئەوانەی کە وا دەزانن نیوەی ژیانیان لەدەستداوە هەر دەتوانن بژین و قەدەرەکەیان بەقەد گۆڕین لەگەڵ ویستیان بگونجێنن، چارەنووسمان خۆمان بۆخۆمانی دەنووسینەوە بەو گردارانەی ئەنجامی دەدەین، چارەنووس تەنها زانیاری هەیە لەوەی چی دەکەین و چی ناکەین نەوەکو بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەر کارێکمانن بدات، ئەمە لە ڕاستیدا هیوابوونە هیوابوونیش لە ڕاستیدا ژیرییە، ئێمە ئێستا لە ژیانێکدا ناژین بەڵکو لە ژیانی چەندین جیهاندا دەژین جیهانەکان زۆرتر و جیاوازترن لەوەی دەیبینین کەسانێکمان هەن لە جیهانی خەیاڵدا دەژین کەسانێکیتر لە جیهانی ڕابردوودا دەژیێن کەسانێك هەن لە جیهانی داهاتوودا دەژیێن باشترینمان ئەوەیە کە لە جیهانێکدا بژی کە ئەگەر بچێت بۆ هەر یەك لە جیهانەکانیتر نامۆ نەبێت و نەشارەزا نەبێت لە خراپترینمان ئەوەیە کە لە جیهانێکدا دەژیێت تەنانەت لە جیهانەکەی خۆیشیدا خۆی بەنامۆ پەروەردە کردووە هەوڵی خۆکوشتنی دەدات.

کاتێك مرۆڤەکان بە ناکاو دەگرین لە زمانی فرمێسك تێناگەن تەنانەت بە شانۆ و بە هورێنەی دەزانن و بە گریان پێدەکەنن زۆر جاریش دڵسۆزیەکی لێوانلێو بە کەمئەقڵی ناو دەبەن، فێڵبازی و فریودان مایەی شانازی دەبێت و باشبوون بە زیان بە ئەنجامی دەگەیەنن تەنانەت وەڵامی باشییەکان بەجۆرێك دەدرەوشێتەوە زمان گوزارشتەکانی چاکەکار دەوەستێنێت و پەشیمانی دەکاتەوە لەوەی ئەنجامی داوە ئەوکاتە لەسەردەمێکی وەستاودا دەژین سەردەمەکە لە جوڵەی ئێمەوە دەجوڵێت سروشت کە بەڕاشکاوانەوە دەدوێت بە بێبەزەیی تێدەگەین بەڵام ئەوە یاسا بێویژدانەکانی ئیمەیە تەنها بەچاو هەست بە ژیان دەکات زۆرکات یاساکانمان ویستی کەڵکی خۆپەرستی لەناوەوەیاندا هەیە لە سەر براوەیی کێبڕکێ دەکەن کەوایە ئەم یاسایانە لە ڕاستیدا ئەژماری دۆڕاندنیان تێدا هەیە.

زەمەن کاتێك هەمووشتەکان بە پیچەوانەوە پیشان دەدات هەست بە تێکچوونی شیرازەو سروشتی ژیان دەکەین خەم ئازارێکی خۆش و خۆشەویست دەبێت زۆرینەمان زیادتر لەکەسێك دەبین و زیادتر لە کەسێك (توانا)مان دەبێت بەڵام سوودی نابێت کەڵکی خراپ لە بەخششەکان وەردەگرین، چونکە لەگەڵ خۆمان دوو ڕوو دەبین لەو کاتەدا گەڕانەوە بۆ سروشت لە هەناسە لە پێشترە بۆ ژیان،

خـۆڕاگری لــە ئـاو لەپێشـترە بـۆ بــەردەوامبوون لــە ســەرووی هەموویانەوە هیوابوون لەوە بەنرخترە دووبارە لە دایك ببینەوە.
کاتێـك جیـاوازتر بـۆی ناچین و لێکنادەینـەوە جیـاوازتر لـە ژیـنی دوێنێ ژیان ناکەین، هەناسەدان و بەردەوامبوون چ سـودێکی هەیـە ئەگەر بۆ تێپەڕاندنی ئـەرکی ژیـان بـژین لەکاتێکدا ئێمـە بەتـەنها هیخۆمان نین هەمیشە نیوەی ژیانمان بـۆ جگـە لـە خۆمانـە نهێنی سـەرکەوتن و شکستمان هـەر ئەوەیـە کـە نـاواخنی هـەموو شـتێك نـابینین چونکە لـە هەمووکاتێکدا نهێنییـەك هەیـە زۆر ترسـناکە کاتێـك خـوو بـەگۆڕین دەگـرین چـونکە ڕەگ دانـاکوتین و گەشـە ناکەین هەرکاتێك گەشەمان نەبوو درەختێکی جوانی بێبەر دەبین، کێشەی ئەم جیهانە کاتێك کۆتایی پێدێت کە جیـاوازتر لێکدانـەوە دەکـەین هیـوا بـوون چ گەرەنتیـەك دەبەخشێت ئەگـەر جیـاوازتر لەوەی پێش شکست لێکنەدەینەوە.
پێویستە بۆ ساتێك لە جیهانە خەیاڵاوی و لاساییەکەمان دەربچین وەکو سرووشتی خۆمان بۆخۆمان سەرنج بدەین و لـەو نەخۆشـییە دەربچین کە شانازی پێوە دەکەین و هەر یەکێکمان فێرە سەرکێشی و خـۆ بـە پاشـا زانـین دەکات و دەمـان غەڵـەتێنێت، ئـەو یاسایانە بشکێنین کە ئارەزومان دایان ڕشتووە، کە ژیان وەك جەنـگ سەیری بکەین پێویستە وەکو جۆرە جەنگاوەرانێکیش بین کە ویستەکانیان

لە دڵەوە دەستپێدەکات و لە خۆبەخشکردن کۆتایی پێ دێت نەوەکو وەکو ئەو جەنگاوەرانەی یاساکانیان لە ئارەزووەکانان دەستپێدەکات و لە شکست کۆتایی پێ دێت، یاسایەك ویژدانی تێدا نەبوو خوداو مرۆڤ دایان نەناوە، مرۆڤبوون زۆر گرنگترە لە لەدایکبوون ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤێکیتر لێك جوادەکاتەوە تەنها ئەو شتانەیە کە زۆر بە ئاسانی هەستیان پێ ناکرێت کە ئاسوودەیی بچووك دەکەینەوە تەنها لە حەزێك بێئاگاین لەوەی ئەم جۆرە ئاسوودەییە تەمەن کورتە لە ڕاستیدا بەستنەوەی خۆشی ژیان بەو ژیانەوەیە نەك جیهانەکەمان.

ژیان هەندێکجار وەکو کەوتنە داوی ئەویندارییەوە وایە بەتاك لایەنە، وەکو ئاشقبوون وایە بێ بینین قوڵترین هەستمان بۆ درووست دەکات وا دەکا لە ماقی چاوەکانمان خۆش بین، وەکو چۆن ئێمە ژیان نابینین و دەستی لێنادەین و بۆنی ناکەین بەڵام لەناخەوە هەستی پێدەکەین، وە هەندێکجاریش قوربانی دانە بێ دەستکەوت دەگمەنن ئەو دووربینانەی هیوابوون لێکدەدەنەوە لەوکاتەدا، چەندە لێکدانەوەیەکی سوودبەخشە ئەگەر وابزانین هیوابوونێکی پوخت خۆراکی ژیانە بەڵام ئەوەی ئێمە زیادتر فریو دادەت و خەریکمان دەکات ئەوەیە کە خۆراکێکی پوخت هیوای ژیانێکی تەندروستە.

ژیان پەیوەست نیە بە جەستەوە لە هەر کوێیەك هیوا هەبوو ژیان و دووبارە لەدایك بوونەوە لەوێیە، لە هەر کوێیەك دەستبەرداریی هەبوو کۆتایی ژیان لەوێیە، جارجار هیوا خۆکارانە لە هەستەکانمان درووست دەبێت هیوابوون بە یەکەم بینین هیوابوون بە بەر لە ڕووخان هیوابوون لەو پەڕی ماندوێتیدا هێزێکی مەزن لەناخماندا هەیە پێی دەگوترێت باوەڕ پێویستە بە دڵ لەگەڵی بجوڵێینەوە نەوەکو بە پێی بارودۆخەکانی خۆمان، ناگرێت باوەڕێك بە بیانووی هیوا بەرزی لەناخی خۆماندا درووستی بکەین کە ئەندازەیی سروشت ڕەتی دەکاتەوە ئەوە نابێت لە یاد بکەین هیوابوون بەزۆرە ملێ بەهای شتەکانی دەوروبەرمان پێکەم دەکەینەوە چونکە هەندێکات هیوابوونێك کە چراگەی لە پیداگریەوە دەسوتێت تەنها هیواداربوونەو هیچیتر، بۆ ئەوەی بە ئاسوودەییەوە بژین پێویستە لەگەڵ ژیانەکەماندا هاوڕێ بین نەوەکو ئاشقی بین چونکە ژیان قوربانی دان لە سرووشتی دانیە جودابوونەوە و دابڕان مەرجی پێشوەختی ئاشنابوونی ژیانە پێمانەوە، تێگەیشتن لە ژیان گرنگترە لە هەڵبژاردنی ژیان، ژیان و بێزاری زۆر دژی یەکترن پێویستە بە بێزاریەوە نەژین تاوەکو لە ژیان بێزار نەبین وەك چۆن بۆ ئەوەی کۆتایی بەشتێك بهێنین پێویست دەکات سەرەتاکەی لێکبدەینەوە بۆ بڕینەوەی درەختێك

پێویستمان بە چەند خوولەکێکە بەڵام بۆ ڕواندنی نەمامێك پێویستمان بە چەند ساڵێکە، بە بڕینەوەی درەختێك سەوزاییەکان نامرن چەندە جوانە کاتێك درەختێکی بڕاوە لە بنکەکەیەوە لقێك سەوز دەبێتەوە چەندە هیوا بەخشە کاتێك لە دواساتەکانی سزتان خوونچە دەگرێتەوە چەندە پڕە لە ئازایەتی کە فرمێسکو خەندە بە یەکەوە لە ڕووخساری دایکدا دەبینین، گرفتی ژیانمان لەو کاتەیە کەوا بێزاری بەهیوا ناگۆڕینەوە و دەستبەرداری بە کۆتایی هەوڵەکان دەزانین.

لە کاتێکدا هەموو بینینێك ڕاستی نابەخشێت هەموو خۆشویستنێك خاڵی نییە لە خۆویستی پێویستە ڕێکبکەوین لەگەڵ ژیانمان ڕێکەوتن لەگەڵ سرووشتەکان دان پیدانانە بە نرخیان ڕێزگرتنە لە هەبوونیان ئینجا هیوابوون سوودمان پێدەگەیەنێت، پیویستە بەر لەوەی ڕوخاندن ئاسەوارمان نەهێڵێت ئەوە لێکبدەینەوە سەرکەوتن و ئازایەتی موڵکی کەسانێکبوون کە لەو کاتەدا لەخۆیان خواروو تر و بێهیزتریان ڕوانیوە ڕوخانی هەرشتێکیش مانای بوونیاد نانەوەی شتێکیترە، دەبێت بزانین ڕوخان دروستکەرە دەبێت هەوڵێکیتر و هەلێکیتر بەخۆمان بدەین چونکە دوای کوشتنی هەوڵەکان هیوابوون هیچمان بۆناکات.

کاتێك بنەماکان وەلا دەنێین و بە دڵی حەزەکانمان دەجوڵێینەوە لەو کلیلە دەچین کە دەرگاکەی شکاوە، کەسانێکمان لێدرووست دەبێت دیوارەکان وەکو پرد دەبینین پردەکان وەکو دیوار دەبینین لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ژیان شیاوی ئەوەنیە ڕقمان لێی ببێتەوە زۆرن ئەوانەی ڕقیان لە ژیانە لاویەتی لەیادیانی دەباتەوە وە ئەوانەی ڕقیان لە مردنە پیری لەیادیانی دەباتەوە ئەوانە سروشتی ژیان و مردن و ڕق ڕەت دەکەنەوە چونکە نازانن لە بنەڕەتدا بەخشێکن ئەگەر لەکاتی خۆیاندا لێیان بڕوانین.

پێویستە وەکو گرینگیەك لە ژیان بڕوانین لەڕاستیدا خودی ژیان یارییە بەڵام نابێت بە یاری کردن بیبەینە سەر، جارجار دەڵێین کەسێك نیە لەم ژیانە لێمان تێبگات هەندێکجاریش تیگەیشتن دەگەین بە بنەمای ژیانێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی بەڵام هەمیشە ئێمە چەندە خۆڕاگربین بۆ بڕیاردانمان لەسەر بارودۆخەکان ئەوەندە ڕاستی دەبینین چونکە بە دڵنیاییەوە دوای خۆڕاگری حاڵی بوون دێت بەڵام مەرج نیە دوای حاڵی بوون هەمووکات خۆڕاگری بە دواوە بێت خۆڕاگری ڕاستەقینە کەسێکە کە گوێ بەو ئەستەمی و بێهیواییە دەستکردانە نادات کە بۆ ورەیی درووستی کردوون وە پێویستە لەکاتی خۆیدا خۆڕاگربین چونکە خۆڕاگری لەناوەختدا لەڕاستیدا پەلە کردنە لە خۆڕاگری

پێویستە بۆ دوودڵی یەکەم هەنگاو بۆدڵنیابون و هیوا بهاوێژین چونکە دوودڵی وەکو دوو ڕێگە وایە لەبەردەممان نەتوانین بەسەرهیچ کامێکیاندا بڕۆین پێویستە لە تێبینیەکانی خۆمان وردبین بین چونکە لە سەرەتاوە ژیان تێبینی کردنە، بڕواکردنە، کارکردنە، ئێمە زۆرینەمان کاتێك نوقمی بێهیوایی دەبین چارمان نامێنێت ئینجا سەربەستیمان دێتەوە یادچونکە ڕێ بە ئازادی لێکدانەوەمان نادەین، بە بێ تێڕامان بێ دەنگ دەبین بەبێ کردار هاوار دەکەین لەکاتی دەستەوەستانمان، بەدەم ژیانەوەش بێدەنگی و هاوار کردن بۆ ژیان یەك واتایان هەیە.

ژیان چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە بەڵام پاڵەوانەکانی ناو ئەم چیرۆکە هەندێکجار هەر لە لاپەڕەکانی سەرەتاوە دەمرن و ڕۆڵیان نامێنێت هەندێکجاریش لە دووایین لاپەڕەکانی کتێبی ئەم چیرۆکەوە دەردەکەون، هەمووومان حەزدەکەین ببین بەپاڵەوان بەڵام چونکە بە ئارەزوو دەچینە ناو مەیدانەوە دەدۆڕێنین چونکە ئێمە سەرەتا بەخۆشمان ناوەستین و خۆشمان پێ پاڵەوانە بە پاڵەوانێکی وەکو خۆمان ناوێرین کاتێك تەنها لەبەردەم بێدەسەڵاتەکانەوە تەنها بە وشە خۆمان پێ پاڵەوانترینە پاڵەوان پێویستە خۆی تاقی بکاتەوە تابزانێت ئایا بەسەر پاڵەوانترینەوە زاڵ دەبێت یاخود شکست دەخوات، ئێمە ئەوکاتە ئازاین کە بەخۆمان دەوەستین و ئارەزوو و

هەستەکانمان چۆکمان پێدا نادەن، وەك گرنگ نیە چیرۆکی پاڵەوانەکان بخوێنینەوە گرنگ نیە لاسایی پاڵەوانەکان بکەینەوە با هەوڵ بدەین ئازایەتیمان ببێت بەچیرۆك نەوەکو لەچیرۆکەکانەوە ئازایەتی دووبارە بکەینەوە چونکە پاڵەوانەکان لاسایی ناکرێنەوە.

ژیان بەهیواوە ژیانە و بەهیواوە مردن ژیانی باڵایە ئەگەرچی مردنی هیواخواز سەختە بەڵام لەو سەختتر ژینی بێهیوایە، دڵی هیوا خواز دەوڵەمەندترین دڵە، گەنجینەی سەروەت و دەستکەوتەکان کە بەتاڵبێت لەهیوا چاو تەنگی لێوە درووست دەبێت.

ژیان لەخەونێکی قوڵ دەچێت بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە خەوی ژیان لێکدانەوەی قورسترە، ژیان بۆ مرۆڤی بێهیوا وەکو ئەوە وایە لەکونیلەیەکەوە سەیری فراوانی گەردوون بکات.

هەندێکجار زۆر گرینگە قوربانی بۆئەوشتانە بدەین کە دەمانپاریزن وە ئەو شتانە بپاریزین کە قوربانیمان بۆدەدەن هەندێك سات هەن بە دووبارە لەدایکبوونەوە ئەژماردەکرێن مرۆڤی بەهیوا هەرگیز خەونەکانی نامرێت مردویەکیش لەسەرە مەرگەو خەونەکانی هاتۆتەدی هەمیشە زیندووە چونکە ئەو ساتە بەدووبارە لەدایکبونەوە ئەژماردەکرێت، ژیان هەر بریتی نییە لە بەردەوامبوون و مانەوە، بریتی نییە لە تێپەڕاندنی کات و تەمەن،

ژیـــان بریتییـــە لـــە تاقیکردنـــەوە و خۆئامـــادەکردن بێگومـــان تاقیکردنـەوەش ئـازاری هەیـە بـەڵام ژیـان بـەڕادەی خۆراگریمـان (ئازار)مان دەدات نەوەکو زیادتر، پێویستە لە هەوڵەکانمان سەیری کاتــژمێرەکانمان نەکـــەین، کاتێـــك ســـەرکەوتن دێـــت لـــەوێوە کاتژمێرەکـەمان بەڕاستەقینەیی کاردەکات و هێـز لەتێپـەڕبوونی وەردەگــرین بـــەڵام ئـــەوەی ســـەرکەوتومان دەکـــات ســـەرنجدانی دیوەشاراوەکانی ژیانـە سەرکەوتن گرنگترە لـە پێشکەوتن مـەرج نییـە هەمووپێشـکەوتنێك مانـای سـەرکەوتن ببەخشێت زۆرجـار ئێمـە لەسـەر بنـەمای پێشـکەوتن پێشـبڕكێ دەکـەین و لەگـەڵ ڕکابەرەکـەمان ڕادەکـەین بـەڵام هەنـدێکجار چاڵێك لەپێشـمانەوە دەبێـت دۆڕاوەکـە ئـەو کەسـەیە کـە تـەنها لـە مـەودا و کاتتـدا سـەرکەوتوو دەبێـت، دەبێـت ئێمـە شـەڕبکەین لەگـەڵ چـەمکە غەڵەتهێنەرەکان وەك چۆن هەنـدێکجار هـەنگاونانی کیسـەڵانە زۆر باشترە لـە هـەڵفڕینی شەمشـەمەکوێرانە، کاتێـك لـە ئازارەکانـەوە (مەزن)ایەتی ترسەکان دەشکێنین ئازایەتی دەدۆزینـەوە جاریکتر ئەو لاوازیەی کـە چاومانی بەستووە ناتوانێت زاڵبێت بەسـەرمان هەستکردن بەترس هەستێکی ئاساییە بەڵام دان نان بەهێزی ترس لە شکۆی ئازایەتیمان کەم دەکاتەوە هەرگیز پێویست ناکات خۆمان بەکەم بزانین بەڵکو خۆ بە سادە زانـین جوانترین دادپەروەریـە تـا

ئـەو سـتەمەی لـەنرخی بەرامبـەرەکانمان کـەپێمان ناکرێـت لەخۆشمانی نەکەین، هەموو بوونەوەرێك نرخێکی هەیە کە مافی خۆیەتی لێی زەوت نەکەین هەموو بوونـەوەرێك سوودێکی خۆی هەیە هەندێکجار ئاو شیرینە بەڵام لەدەممان نا، کەواتە مەرج نیە تەنانەت ئەو شتانەی لە سروشتیشیانەوە چێژێکمان پێ نابەخشن وابـن بـەڵکو ئـەوە تـەنها هەسـتێکمانە زاڵ بـووە بەسـەر هەستەکانیتریشمان.

ژیان وەکو ئەوە وایە دوو پەڵە هەور باوەش بەیەکدا بکەن ئێمە لە نێوانی ئـەم دوو هـەورەدا دەژیـن تـاوەکو لەگـەڵ فرمێسکەباراندا دەبارین و کاتێك بەر زەوی دەکەوین یەکەم گریان دەگرین چونکە لە بەرزاییەوە ئەم جیهانە زۆر جیاوازتر دیار بوو، دەگرین چونکە وەکو تراویلکە زەویمان دەبینی وامان دەزانی دلۆپە بارانی زۆر بەسەر ئەوێدا باریوە بەڵام کە لە ژێرخاك دوای تێپەڕاندنی ساتێك لە (تاریکی) چەکەرە دەکەین هەست بەوە دەکەین زەوی ماڵی هەمیشەیی ئێمە نییە، هەر یەکەم سەرەدەرکردن و یەکەم بینـینی ڕووناکی بـۆ بارەکـەی پێشـووی خۆمـان دەگـرین و خۆزگـەخوازی گەڕانـەوەین بـۆ ڕابـردوو، ڕاستەقینەی ئێمـە ئـەو جیهانەیە کەخۆمان لێرەوە درووستی دەکەین و بەرەو ئەوێ بەڕێ دەکەوین.

جارجار سەردەمەکە وەها پێچەوانە دەبێتەوە پێناسەکەی ژیان تەواو پێچەوانە دەبێتەوە تامی ژیان وەکو مردنی لێدێت وەکو مەرگ رادەکەین بەدەست ژیانەوە وەکو مردن لە ژیان دەترسین وەکو ژیانێك ئاشقی مردنێك دەبین هیچ پێوەرکردنێك ڕاستیەکی تەواو نابەخشێت، ئەم هەستانە سرووشتی سەردەمەکەیە نەوەکو بێ هیوایی، مرۆڤەکان لەم سەردەمە لە یاری منداڵان دەچن بەڵام پارە یارییان پێدەکات چونکە نەهیوا بەخشن نەخۆیشیان هیوایان هەیە.

ژیان هەندێکجار لە یادمان دەباتەوە ڕێبوارین هەر سێبەرێك لە ڕێگەی ژیانەوە کە دەبینین کۆشك و تەلاری لێ بەرز دەکەینەوە ئێمە تەنها دەستەکەوتەکان بە بەخشش دەزانین بەڵام هەندێکجار لەدەستدان بەخششێکی زۆرگەورەترە، جۆرە هەستێك لامان درووست دەبێت ئامرازەکان بەجۆرێك دەنرخێنین وەکو ئەوەی ئێمەیان درووست کردبێت لەوکاتەدا مافەکانمان ژمارەو (یاسا)یان بۆ دادەنرێت ئەو کاتە ژیان لەپێناسەکەی خۆی دەردەچێت و دادپەروەری بەلاڕێیدا دەبەن چونکە دادوەرەکان مۆدێل بۆ دادپەروەری دادەنێن.

ژیـان ماندوبوونـە بـەڵام هـەر لـەو ڕۆژەوەی لـەدایك دەبـین دەتـوانین لەگــەڵ ویســتمان وەهــا بیگــونجێنین بەقــەد ئــەوەی توانیبێتمــان چارەنووسـی ژیانمـان خۆمـان نووسـیبێتمانەوە چـونکە ڕازیبـوون بـە بەرکەوتەکانمان جۆرە هەستێکە ڕەنگە ئەوانەی دە بەقەد مرۆڤێکی تریان بەرکـەوتبێت هێشتا ئـەو هەسـتە لەناخیانـدا نـەبێت و هێشتا ئاسوودەیان نـەکات ئەوانـەی نـاتوانن چارەنووس بقۆزنـەوە هەمیشـە بێهێزن و هەمیشە هەڵەکانیان دەخەنە ئەستۆی بەختەوە.

زۆر گرینگە مرۆڤ خۆی خۆی بێت و گرنگی هەبوونی لە هەبوونی خۆیدا بێت نەوەکو ئامرازو ئاسانکاریەکان، چونکە ئامرازەکان بـە هەموو شانازیەکانیانەوە تا ئێستاش فێڵێکی گەورە لە سروشتمان و لـە بـەها و لـە بەخشـشی توانـا و ڕاهـاتن و ورەمـان دەکات لەبـەر ئەوەیـە هەرگیز(پێشـکەوتنمان) ئەگـەر لـە ڕووە گەوهەرییەکـەوە لێکبدەینەوە خزمەتمان ناکەن تەنها ئارەزوەکانمان تێردەکەن و لـە بوێریمان کەم دەکەنەوە و لە سەرکێشی و لە شێتیمان زیاد دەکەن.

ژیــان بەسەرچــوونی تەمەنەکانــە ئازارەکــان تێپــەڕدەبن و دەبــن بەیادگاری خەونەکانیش هەربە چاوی داخراوە وە سەیری ناگرێـت ڕۆژەکان زوو زوو گۆڕانیـان بەسـەر دادێـت پێویسـت ناکـات خۆمـان بیــانگۆڕین چــونکە خــوگرتن بــەگۆڕین زۆرترســناکە وادەکــات لەقۆناغی باش بووندا بێزاربین و جێگیر نەبین.

کاتێک مرۆڤ دادپەروەری لەگەڵ ویست و بەرژەوەندی خۆی دەگونجێنێت ڕووی نامێنێت سەیری سروشت بکات بەڵام هەندێک مرۆڤ هەن لەبەرئەوەی سرووشتی نین و بەتەواوی بوون بە دەستکرد تەنانەت ڕەخنە لە سرووشتیش دەگرن برەودان لە تواناکانمان چ سوودێکی دەبێت ئەگەر لە سرووشتی خۆمان بە دوورمان بخاتەوە گونجاندنی خۆمان لەگەڵ بەهاکانی دەوروبەر بەهاکانی خۆمان دەپارێزێت، ژیان وەکو ئەو خەونانە وایە کە لەناو خەوەکەدا وادەزانین بێ لەو خەوە ژیانیترمان نەبوەو ناشبێت، خەوی ژیانیش خەونی تێدا هەیە کە هیوای مرۆڤەکانە لە گەورەترینی زیانەکانی مرۆڤی بێهیوا ئەوەیە لەناو خەونی هیواکانیدا خەونێکیتر دەبینێت چونکە لەو کاتەدا ئەوە دەسەلمێنێت هیچ هەوڵێکی بۆ بەجێگەیاندنی هیواکانی نەداوە ئەوانە ڕەنگە بە تەنها خۆزگەیان هەبێت و هیوایان نەبێت ئەگەر چاوەکانمان بکەینەوە هیوابوون لەگەڵ خۆزگەدا جیاوازییەکانی زۆر بەرچاوی هەیە هیوا پێویستی بەخۆڕاگرییەو خۆڕاگریش کاری مرۆڤە ژیرەکانە، مرۆڤی ژیر ئەوانەن کەوا ڕاستەوانە هەنگاو دەنێن و ڕاستەوانە لێکدانەوەکان لێکدەدەنەوە بەڵام خۆزگەخوازی زۆرینەی جار کاری ئەوانەیە کەوا ناچارن و لەیەک ڕووە وە بەدوای گەیشتندا دەگەڕێن.

کێشـەکانی ژیـانی ئێمـە دڵنیانەبوونـە دوای ئـەزموون کـردنیش هـەمان چارەسـەر بـەکاردەهێنین کـە لـە پـێش ئـەزموونکردنی ئەوشتانە بەکارمان دەهێنا، کە لێیان ترسمان هەبوو ئەگەر دڵنیا بین ڕێگەکەمان بێ کۆسپ و بەربەستە ڕێگای ڕاست پێویستی بە چرا نییە، زۆرکات خووگرتن بەباشەکان دوو ئەوەنـدەی خـووگرتن بەخراپـەکان زیـانی هەیـە لەبـەر ئـەوەی جێگـرەوەی خراپەیـەك ڕەنگـە چـاکە بێـت بـەڵام جێگـرەوەی (باشـە)یەك کـە خومـان پێوەگرتووە ڕەهەندی سێهەم وەردەگرێت کە نە لـە باشـەوخراپەدا خۆی دەدۆزێتەوە نە لەگەڵ سرووشتمان دەگونجێت.

ژیان وەکو ئاوێنە وایە کە سەیری دەکـەین هەمیشـە خۆمـانی تێـدا دەبینین و ئەو نابینین هەندێ کاتیش بینینـی مـانگ بەسمانـە بـۆ ئەوەی وەڵامێکی درووست لە مەبەستەکان وەرگرین بینینـی مـانگ وەك خوێندنـەوەی تابلۆیـەکی کۆن وایـە بـەو زمانـە دەدوێـت کـە خۆمـان دەری دەبـڕین، بینینـی مـانگ لـە شـەوی چـواردەدا وەك بینیی ژیان وایە لە قوڵایی مەرگدا، ئەگەرچی زۆر گـرنگترە لـەوەی ڕەزامەند بین لەسەر شتەکان زووتر تەماشاکردن و سـەرنج دانمـان لە یەك جودا بکەینەوە.

لەکاتێك خۆشویستن لە ناواخنی ڕقدا خۆی حەشار دەدات پێویستە سەرنج بدەین وە بەپێچەوانەوە کاتێك کەسێك بە بێدەنگی هاوار دەکات پێویستە سەرنجمان لەو دەنگە بێت کە بەتەنها گوێچکەی ویژدانمان دەیبیستێت، کاتێك ژیان خۆی لەناو مەرگدا حەشاردەدات چ پێویست دەکات ئەو ئەجەلەی کە کاتەکەی بە ئارەزووی ئێمە نییە بێ سەرنجدان بڕیاری لەسەر بدەین ئەوەی چارەنووس نووسیویەتی و قەدەر بەهۆکاری کردەوەکانمان بۆمانی دێنێتەوە پێش باشترینە، دوای ئەوەی خۆمان هەوڵمان لەگەڵی بەگەڕ دەخەین.

زۆرکات ئێمەی مرۆڤ ئارەزووی ئەوەدەکەین سەرکێشی بکەین بەدەر لەهێزی مرۆیی خۆمان تواناکانمان بسەلمێنین و ئەستێرە خەیاڵییەکەمان دەست نیشان بکەین بەڵام هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو نییە ڕەنگە ببێتە هەڵەی ژیانمان مرۆڤی خەیاڵاوی ئەوەنییە کە لە ئەندێشەکانیدا بەر لەوەی کارێك ئەنجام بدات وێنەکەی بۆ دەکێشێت مرۆڤی خەیاڵاوی ڕاستەقینە ئەوەیە بێ لێکدانەوە و بێ ئەندازە کارەکانی دەکات و بەڕادەیەك گیرۆدەی هەڵەی ژیانی دەبێت بەخەیاڵی هیچ کەسێکدا نەهاتووە.

هیچ مرۆڤێك بێ هۆ لەسەردەمەکەی خۆیدا لەدایك نابێت ئەگەر جەنگەڵستانی مێژووی ئەو سەردەمەش بێت هەمیشە دەبێت خۆمان بەوە پڕ لە هیوا بکەین و شەرمەزارمەندبین کەوا لەهەر سەردەمێك دیکتاتۆرێك پێدەگات چاو نەترسێك لەدایك دەبێت، کاتێکیش سەردەمەکان نەفرەت لەبارودۆخی دوای یەکتر دەکەن دووبارە مرۆڤ تێیدا بەرپرسیارە چونکە تاوانی ئەو مرۆڤە سەرشۆڕانەیە کە دەیانەوێت سەردەم سەریان بۆ دابنوێنێت خۆبەزلزانین غەڵەتهێنەرترین هەستی مرۆڤە بچووکەکانە، هەندێککات سەردەم وەك درەختێکی بێ بارانمان لێ دەکات ناهێڵێت نمەکان لە وەرزەکاندا بمانناسنەوە ناچارمان دەکات شێوە لێکچووەکانیش لێکنەکەینەوە ناچارمان دەکات بە ڕاشکاوانە بڵێین و پەی بەو ڕاستییە ناحاڵیانە ببەین و ڕووداوەکانی ئەم چرکانە نەخەینە ئەستۆی هۆکارەکان ناچارمان دەکات وا تێبگەین دەریاکان نین شەپۆڵەکان دەڕوێنن بۆ کەنارەکان کەشتییە چارۆگەدارەکان نین ڕەشەباکان وەك دۆست لێدەکەن، حاڵی نابین تەنانەت بڵێین نیازی خۆمانە وامان لێدەکات بگەین بەو ڕۆژانە چونکە ئەوەندەی ئاگامان لە بێئاگایی خۆمانە ئەوەندە ئاگاداری بێداریەکانی خۆمان نین کە دەرفەتە تیژڕەوەکانن.

ئەوسەردەمەی لە دونیای ئێمەدا ڕۆح و جەستەمانی بەیەکەوە ئاشناکردووە هەمیشە وامان لێدەکات پەیوەست بین پێیەوە، سەردەمەکان بۆ مرۆڤ گوزارشتێك و شێوازێکی تایبەتیان هەیە بەڵام ئێمەی مرۆڤ وا هەستدەکەین هەر یەکەمان لە سەردەمێکیتر ژیاوین خاڵی تەمەن هەمان خاڵە کە ڕێڕەوی لێکدانەوەکانمان دەستنیشان دەکات لە سەردەم و تەمەنێکی تایبەتدا دەژین دەوروبەرمان هەمان ئەوانەن کە دەبوایە بیان بینین، هیچ حاڵی نابین کاتێك تایبەتمەندییەکانی خەڵکی تێکەڵ بەیەك دەبن و یاسا ئەوان لەیەك جودادەکاتەوە ج یاسایەك! ئەو یاسایەی وا دەزانێت هەموو مرۆڤەکان وەك یەکن یان هەوڵ دەدات هەموو مرۆڤەکان وەك یەك لێبکات ئەو یاسایەی کەوا لەبنەڕەتدا یاساکانی سرووشت ڕەت دەکاتەوە.

پێویستە هەست بکەین ڕق و خۆشەویستی لە جەستەماندا وێڵن بۆ دۆزینەوەمان بەر لەوەی ڕق بماندۆزێتەوە پێویستە ئێمە خۆشەویستی بدۆزینەوە بەڵام زۆرجار چەندە سەرنج دەدەین نازانین لەناو کامیاندا ونین، چونکە سەرمان سوڕماوە نازانین چۆن ئەو یاسایە وەلا بنێین کە دڵمان سەدان ڕق و کینەی لێ نیشتووە و ناشتوانێت ئەشقێکی قوڵ وەرگرێت، ئێمەی مرۆڤ یەك دڵمان هەیە هەر ئەشقێکیش پێویستی بە دڵێکی بێ خاوەن هەیە لە حاڵێکدا دڵی ئێمە سەدان ئارەزووی خۆشەویستی تێدا هەیە.

ئـەم ژیانـە ڕێگـای بـەردەوامی و چاوەڕوانی نییـە! بـەڵکو ڕێگـای بینینەوەیـە، ڕێگـای دووبـارە وامـان لێـدەکات گومـان ببـەین ئێمـە هێشتا لـە دوێنـێین و لەوانەیـە تەمـەن یـەك ڕۆژ لـە ڕۆژگارێـك دا بێـت و شـەوێکیش لـە شـەوگارێکدا بێـت لەوانەشـە بـزانین ئـەو چرکەساتانەی جودامـان دەکاتـەوە لـە دوێنێمان لـەو چرکەساتانە بچێت کـە شـەونخونی دەکـەین، کاتێـك نـازانین دەبێـت چیبکەین تەنانەت ناشزانین چی لێکدەدەینەوە کە لـە هەستماندا دەنگـەکان لێکجوداناکەینەوە و ناکرێت بهێڵین لێیان تێبگەین ئەو کاتە ئەوان ئێمـەیان دەربڕیـوە و داوای گەڕانـەوەمان لێدەکـەن ئـەوان هێشـتا گومانیـان لـە بـە سەرچوونی دوێنـێ هەیـە چونکە لـە فەرهـەنگی مرۆڤێکی بێئاگادا کاتەکان وەکو یەك وانە و تێناپەڕن.

ژیان دوورترین ڕێگایە بەڵام هەریەکەمان بەجۆرێك ناوی دەنـێین، ڕێگاکـان هـەمووی لـە یـەك سەرچاوەوە دەستیان پێکرد لـە یـەك هیزردا دەرچوون بـەڵام مرۆڤایـەتی پردەکانی دوای خۆیـان یەکـە بەیەکـە ڕووخانـد، ئێمـە جارجـار وەکـو خـەیاڵـە سـەردەمیەکان سـەرنجمان دەچێتە سـەر ئـەو ڕێگایانـەی کـە بـە کوێری پیایانـدا هاتووین سەرنجی ژیان دەدەین کاتێـك لـە نێوان ڕاستی و خەونـدا ئێمە بە گومانەوە تێیدا ڕادەمێنین، ژیان بـەم گومانـەوە لەوکاتـەدا لە ژەهرێکی خەست دەچێت.

ئەوەی لێکیدەدەینەوە ڕەنگە پێچەوانەی ئەوە بێت کە پێشبینیمان کردبوو ڕەنگە ئەو تیرەی بۆ مەبەستی پێکاندن پێکاندوومانە هەمووکات بەس نەبێت بۆ ئامانج هەندێکجاریش ڕەنگە فرمێسك بۆ خۆشی نەڕژێت لەوانەیە بۆ مەبەستی دووبارەبوونەوە بێت، ئەو مەرجەی هەڵگری داواکانی ڕێگایە لە ژیاندا ڕەنگە ئاوەها زوو پێشوازی لێ نەکەین، بەڵام کاتێك گەیشتن بە لووتکە بەسودە کە ئامادەباشیمان لەبارەیەوە هەبێت.

بۆ مرۆڤی (تەنها) ژیان و مردن یەك مانا دەگەیەنێت لەوانەشە مردن پەسندتر بێت، کاتێك نە دەتوانین بەدەست خەوی بێزارییەوە چاو هەڵبهێنین نە دەشتوانین بەدەست خەیاڵەکانمانەوە ڕابکەین ئەوکات لە جیهانی دڵماندا شوێنێك نییە شانشینێکی لێ بهێنینەبوون لە جیهانی ئارەزووەکانیشماندا کاتێك نییە خەونەکانمانی تێدا بهۆنینەوە هێشتا هیوا بوون بەتوانایییە کاتێك بەدەست ڕواڵەتی ژیانەوە فریو دەخۆین کاتێك لە سنووری حەزەکان دەر دەچین بڕوامان بە ناخمان لاواز دەبێت ئەوە لە کاتێکدا ژیان ڕێگەیەکی هاو سەنگە لە هەردوو دەستکەوتی باشەو خراپەپێویستە لە هیوابوون بێزارنەبین کاتێك لەنیوە شەوێکدا دەنگی کەڵەشێرەکان هیوا بە گوێی خامۆشیماندا دەچرپێنن و بێداری پێڵووی چاوانمان واڵا دەکات پێویستە لە خۆمان بپرسین

کوا ئەو ڕووناکییەی کە هەمیشە لە قوڵاییدا چاومان هەست بە تروسکاییەکانی ناکات؟ کوا ئەو بێدەنگییەی کە هەمیشە درکی پێدەکەین؟ کوا ئەو یادەوەریەی کە تاکە ئاوێنەیەکبوو منداڵییەتی خۆمانمان تێدا دەبینی؟ مرۆڤ کاتێك پرسیارێك لە خۆی دەکات وەڵامەکانی هەمیشە بەناو پرسیارگەلێکیتردا تێپەڕدەبێت، تەنهایی لە فەرهەنگیدا لە هیچ شتێك ناچێت چونکە لەم جیهانەدا سرووشتی هیچ شتێك تەنها نییە، سەرمان سوڕ دەمێنێت نازانین شەپۆڵەکانی خەیاڵ وەك ڕێنیشاندەرێکی بەهەڵەداچوو بۆ کوێمان دەبەن نازانین کامە کەنار جێگەی ئێمەی تێدا خاڵییە، پێویستە لەحاڵی خۆمان بترسین لە کاتێکدا توانای ڕووبەڕوو بوونەوەمان نابێت لەگەڵ ئاوێنەدا بجەنگین، ئەگەرچی بۆ ژیان خەندەیەك دەرگا قوفڵ دراوەکان دەشکێنێت بەڵام دواینجار هەر بێزاریەکانن دەبنە بەرهەمی خۆشییەکان، بێزارییەك بەسە بۆ بێدەنگی بەڵام ئێمە زۆرجار نە خەندە دەزانین و نە بێزاریش جڵەو گیر دەکەین.

ژیان وەکو خەونێکی قوڵ وایە، ئەوکاتەی بە ئاگا دێین ڕاکشاوین پێویست ناکات ئاشقی ژیان بین بەڵکو پێویستە هاوڕێی ژیان بین و وەکو پێویستیەك سەیری مردنیش بکەین، بۆمرۆڤی بێهیوا شەوەکان ماتن شێوەی لە شاعیرێکی لاڵ و لە دڵێکی بێ خورپە دەچێت خۆزگەکان دووبارە دەبنەوە ژیان چەندجارێك فەرامۆشی

دەکات، بێ ئەوەی سەیری دواوە بکات بەهای ئێستا لە یاد دەکات بەڵام گرینگی ژیان بێ ئاوڕ دانەوەی ڕابردوو هەستی پێناگرێت شوێنێك نییە لەم جیهانەدا وێنەی ناخی تێیدا بەدی بکات، لێرە لە جیهانی ئێمەدا هیچ شتێك توانای گۆڕینی نیە ئەگەر هیوا نەبوو، ئەوەی ئێمە لێکیدەدەینەوە هەمان ئەوەیە کە درکی پێدەکەین بەیانیش هەمان ڕۆژە کە ئەمڕۆ دەیبینین هەمووکاتەکان لە بووناندا پەیوەستی ئێستامان کردووە، ناتوانین لێیان جودابینەوە تەنانەت خەونەکانیش ناتوانن مرۆڤ بخەنە کاتێکیتر، خەو بێئاگابوونە لە تێپەڕبوونی کات و بە پێش کات دەکەوێت، بێئاگایی ئێمەش قوڵترە لەو بێئاگاییەی کە لە خەودا هەیە و نازانین کاتەکان ئەژماربکەین وەك ڕێ لێ ونبوویەك بەسەر نیوەی ڕێگاکان دەڕۆین و پەشیمان دەبینەوە، زۆرکات بەدەم خەیاڵەوە خەریکە خۆمان ون دەکەین لە قوڵایی بێدەنگیماندا وەك باڵندەیەکی تامەزرۆ بۆ فڕین لە ئاسمانەوە لە یادمان دەچێت زەوی ماڵی ئێمەیە، هەندێکجار کە دووردەبین لە سرووشتی خۆمان هێواش هێواش خەمەکانمان بۆمان دەدوێن دەیانەوێت ڕاستی ناخمان پێئاشکرا بکەن کە زمان وشەوشە بەدواوەیەتی شەرمندەیی هەستەکانمان دادەپۆشێت هەرچەند دەشزانین بەو ئاسانیە بۆمان نایەتە گۆ، هەرگیز هیوا لەو کاتانەشدا بوونی

نامرێت لەوکاتەشدا کە ڕەنگە هەست نەکەین خۆمان ڕادەستی نامۆیی هەستی تەنهاتر لە خۆمان کردووە دونیایەکی ڕۆحانی لە گەردوونی خەیاڵمانەوە درووست کردووە ئەوساتانە لە ژیانێکی دوورە پەرێز دەچێت کەوا هەلگری ماناکەی نییە، کە دڵنیانین کە چۆن ڕێدەکەین هیچ وشەیەك هێندەی نامۆیی پێی شارەزا نابین لەوکاتەدا دڵمان شادییەکان ناخوێنێتەوە لە گەردوونی لێکدانەوەکانماندا ژیانێکی نموونەیی نییە خۆمانی تێدا بدۆزینەوە ئەستێرەیەکی درەوشاوە نییە لە ڕێ لێ ونبوونیماندا ئاواتی خەمەکانمانی تێدا زیندوو بکەینەوە، وە لە کاتێکیشدا سەرمان سوڕماوە لە جیهانی خۆمان وا هەست دەکەین هەندێکجار لە ونبوونماندا خۆمان دەدۆزینەوە و لە دۆزینەوەمان خۆمان ون دەکەین، هەمیشە کە دەزانین دوایین هەنگاومانە ماندودەبین بۆیە ناتوانین بگەینە لووتکەیەك کە مەبەستمان تەنها لە گەیشتنی بووە، ئێمەی مرۆڤ هەر کاتێك بڕیار لە دەستمان نامێنێت بێهیواییەکانمان سەر هەڵدەدەنەوە، وەك دەریاوانەکان دوای کەمێك لە قوڵایی دەریا لەیادمان دەچێتەوە ئەو دیوی کەنارەکان زێدی ئێمەن وەك خەونە سەردەمییەکان لە یادمان دەچێتەوە بێداری سرووشتی ئێمەیە.